گۆڤاری پێشڕەو

کرێکارانی جیهان یەکگرن!

٤٩١

گۆڤاری پێشڕەو - ئۆرگانی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەوری سێهەم - ژمارە ٤٩١ - جۆزە ردان - مای ٢٠٢٦

## سەروتار

### پەرەسەندنی هەژاری و گرانی لەسەر بەستێنی بەردەوامیی کەشوهەوای جەنگیدا

لەگەڵ بەردەوامیی دۆخی "نە شەڕ و نە ئاشتی" لە نێوان ئەمریکا و ئیسرائیل لە لایەک و کۆماری ئیسلامی لە لایەکی دیکەوە، دەرهاوێشتە و لێکەوتەکانی ئەم دۆخە لەسەر ژیان و بژێویی کرێکاران و جەماوەری خەڵکی هەژار و دەستکورت، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر خۆی دەردەخات. دەرکردنی کرێکاران لەسەرکار لەژێر ناوی "کەمکردنەوەی هێزی کار"، بە بیانووی بۆردومانی ناوەندە پیشەسازییەکان و لەکارکەوتنیان، یان بەهۆی نەبوون و کەمی کەرەسەی خاوەوە، هەموو ڕۆژێک ژمارەیەکی زیاتر لە کرێکاران بێ هیچ جۆرە بیمە و قەرەبوویەک، بەرەو ڕیزی ملیۆنی بێکاران پاڵ پێوەدەنێت. بەپێی ئەو ڕاپۆرتانەی لە پارێزگاکانی تاران، ئەلبورز، قەزوین، فارس و شوێنەکانی دیکەوە بڵاو کراونەتەوە، زۆرێک لە خاوەنکارەکان، بەتایبەتی دوای پشووەکانی نەورۆز، دەستیان داوەتە دەرکردنی کرێکاران. هەروەها بەهۆی پچڕانی ئینتەرنێتەوە وەک یەکێک لە ژێرخانە ئابوورییەکان، سەدان هەزار هەلی کار لەناو چوون. لەم جۆرە هەلومەرجەدا، وەک چۆن پسپۆڕانی ئابووری خەملاندوویانە، هەڵاوسانی بێسنوور و داڕمانی بەهای ڕیاڵ بەهۆی شەڕەوە لە دوو مانگی ڕابردوودا، تێچووی سەبەتەی بژێویی ژیانی کە شۆرای باڵای کاری ڕژێم لە ڕەشەممەی ساڵی ڕابردوودا بە ٤٥ ملیۆن تمەن دیاری کردبوو، گەیاندووەتە سەرووی ٧١ ملیۆن تمەن. بەم پێیە، تێچووی سەبەتەی بژێوی تەنیا لە ماوەی دوو مانگدا بە ڕێژەی ٧٨ لەسەد بەرز بووەتەوە و بە هەمان ڕێژەش هەژاری و برسیەتی پەرەی سەندووە

ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بە پاساوی بارودۆخی جەنگی، هەژارییەکی لەم شێوەیەی بەسەر ژیانی ملیۆنان بنەماڵەی کرێکاریدا سەپاندووە کە تا ئێستا شانسی ئەوەیان هەبووە کارەکەیان لەدەست نەدەن. سەرانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی و سەرکردایەتی سوپای پاسداران لە ناوەندی ئەم دەسەڵاتەدا، بە بەردەوامیدان بە سیاسەتی شەڕخوازانە، سامانی کۆمەڵگە کە بەرهەمی ڕەنج و ئارەقەی نێوچەوانی کرێکارانە، دەخەنە خزمەت درێژەدان بەم شەڕە کۆنەپەرستانە و تاوانکارانەیەوە، تاوەکوو خۆیان و داروەستەکانیان لە سێبەریدا درێژە بە دەسەڵاتە دژەمرۆییەکەیان بدەن و ملیۆنان دۆلار بخەنە گیرفانیانەوە. سەرەڕای ئەمانەش، سەران و کاربەدەستانی ڕژێم، لەگەڵ بوونی هەڵاوسانی سێ ڕەقەمی کاڵا و پێداویستییە ڕۆژانەکان، ئامۆژگاری کرێکاران و جەماوەری خەڵک دەکەن کە پتر بەرگەی ئەم ڕیازەتکێشییە ئابوورییە بگرن و لە خواردن و بەکارهێنانی ئاو و کارەبا و گازدا دەستپێوە بگرن



## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە

### بۆ مەحکوومکردنی سیاسەتی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە کۆڵبەران




### کۆبوونەوەی نارەزایەتی
### لەبەردەم ڕێکخراوی جیهانی کار
### لە ژنێف - ٥ی ژوئەنی ٢٠٢٦
### دژی شەڕ و دەرئەنجامەکانی بۆ سەر کرێکاران



### بەرز و بەڕێز بێت یادی گیانبەختکردووانی بۆردومانی کیمیایی دۆڵی بۆتێ

### کۆمۆنیستەکان و مەزهەب، دین ئەفیوونی جەماوەرە

### ڕێگای چەوتی چەپی میحوەری موقاوەمەت دژەئیمپریالیزم لە پێگەیەکی کۆنەپەرستانەوە

### ئینتەرنێتی چینایەتی، ئامرازی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و قووڵکردنەوەی نایەکسانی لە سەرمایەداریی ئیسلامیدا

لەم پەیوەندییەدا، حەفتەی ڕابردوو، محەمەد باقر قالیباف، سەرۆکی مەجلیسی شورای ئیسلامی ڕژێم، داوای لە خەڵکی ئێران کرد "بۆ کەمکردنەوەی لێکەوتە ئابوورییەکانی شەڕ، لە خەرجییەکانیاندا دەستپێوە بگرن و یارمەتی یەکتر بدەن". موجتەبا خامنەییش لە حەشارگەکەی خۆیەوە و لەو پەیامانەی کە دەخرێنە پاڵی، قۆناغی ئێستای شەڕەکەی بە "شەڕی ئابووری" وەسف کردووە و داوای لە خاوەنکارەکان کردووە لە ئەگەری گونجاودا خۆ لە دەرکردنی هێزی کار بپارێزن. مەسعود پزیشکیان، سەرۆککۆماری بێئیرادە و بێدەسەڵاتی حکومەتی ئیسلامیش، کە بەرەوڕووی کێشە و گرفتێکی بێشومار لە داخوازییەکانی خەڵک بووەتەوە، بە ئاماژەدان بە کورتهێنانی ڕۆژانەی ٥٠ ملیۆن لیتر بەنزین بەهۆی وێرانبوونی بەرفراوانی ژێرخانەکانی وزە لە ڕەوتی شەڕەکەدا و دژوارییەکانی هەناردەی نەوت و گرانی، داوای لە خەڵکی ئێران کرد "چاوەڕوانییەکانیان بهێننە خوارەوە و ڕاستییەکان قبووڵ بکەن"، بۆ ئەوەی بە قسەی خۆی "وڵات بتوانێت لە بەرامبەر دوژمندا خۆڕاگر بێت". ئەم "ئامۆژگاری و ڕێنماییانەی" دەسەڵاتدارانی ڕژێم بۆ کرێکاران و خەڵکی هەژار لە کاتێکدایە کە خۆیان باش دەزانن ڕژێم لەنێو چ قەیرانێکی قووڵدا دەست و پێ لێدەدات و کرێکاران و جەماوەری دەستکورتی ئێران لە چ بارودۆخێکی پڕ لە هەژاری و گرانیدا دەژین

لە وەها هەلومەرجێکدا گرژی و ناکۆکیی نێوان باڵەکانی نێو دەسەڵاتیش پتر ئاشکرا دەبن. مەسعود پزیشکیان باس لە وێرانبوونی بەرفراوانی ژێرخانەکانی وزە، کۆسپەکانی بەردەم هەناردەی نەوت بەهۆی شەڕەوە، و بێتوانایی حکومەت لە دابینکردنی تێچووەکان و دانی مووچە و حەقدەست دەکات، و چارەسەرەکەش لە سازش و گفتوگۆ لەگەڵ ئەمریکادا دەبینێتەوە. ئەم هەڵوێستە ئاشکرایەی "سەرۆککۆماری ئیسلامی"، لەلایەن ناوەندی سەرەکی دەسەڵات لە نێو سوپای پاسدارانەوە کە بە هەڵیت و پڵیت و درۆودەلەسە خۆیان بە براوەی جەنگ وەسف دەکەن و ساختەکارانە ڕاستییەکان چەواشە دەکەن، بەرپەرچ درایەوە و دەستبەجێ لە ماڵپەڕە حکومییەکان سڕدرایەوە. پزیشکیان ڕۆژی دووشەممە، ٢٨ی گوڵان، لە گردبوونەوەی پەیوەندییە گشتییەکانی دەزگا جێبەجێکارەکان لەژێر ناوی "ڕاویانی ئێران"، بەرگری لە گێڕانەوەی ڕاستگۆیانە کرد و گێڕانەوەی فەرمیی ڕژێمی سەبارەت بە بێکاریگەربوونی هێرشە سەربازییەکانی بە درۆ خستەوە و گوتی "ئەوەی ڕەوایەت و گێڕانەوەی درۆ بە کۆمەڵگە دەگەیەنێت، شەیتانی بەسەردا زاڵ بووە". پزیشکیان دانی بەوە دانا کە: "٢٣٠ ملیۆن مەتری سێجا گازی ئێمەیان پێکاوە، وێستگەی پترۆکیمیایی و فۆڵادی موبارەکەیان پێکاوە و خەریکە لەناو دەچن، ڕۆژانە ٥٠ ملیۆن لیتر بەنزینمان کورتهێناوە و بۆ دابینکردنی دەبێت دۆلار بدەین. ئایا هەر لە بنەڕەتدا دۆلارمان هەیە تا بیدەین؟ کەواتە ناتوانرێت ئیدیعا بکرێت کە دوژمن لە حاڵی لەناوچووندایە و ئێمەش لە گەشەسەندنداین. ئەگەر لەگەڵ ئەمریکادا گفتوگۆ نەکەین، دەبێت چی بکەین؟"

بەڵام پزیشکیان و کابینەکەی کە لە بەرامبەر ناوەندی دەسەڵاتی سوپای پاسداراندا هیچ ئیرادە و دەسەڵاتێکیان نییە، لە ئاست کرێکاران و جەماوەری خەڵک و پرسی هەژاری و گرانی و ژیان و بژێوییشیاندا، بەرپرسیارێتی لە کۆڵی خۆیان دەکەنەوە و لە خەڵک دەخوازن کە چاوەڕوانییەکانیان کەم بکەنەوە. ڕاستییەکە ئەوەیە کە لە ٤٧ ساڵی ڕابردوودا، ڕژێمی تاوانکاری کۆماری ئیسلامی هیچ کاتێک بەرپرسیارێتییەکی لە بەرامبەر ژیان و بژێویی جەماوەری کرێکاران و زەحمەتکێش نەگرتووەتە ئەستۆ و مانەوەی حکومەتە ئیسلامییەکەی بە "واجبترین واجبات" زانیوە. دەسەڵاتدارانی ڕژێم بۆ مانەوەی خۆیان، تێچوویەکی خەیاڵییان بۆ شەڕهەڵگیرساندن لە ناوچەکە و ڕێکخستن و دابینکردنی پێداویستییەکانی گرووپە تیرۆریستییەکانی ناسراو بە "میحوەری موقاوەمە" تەرخان کردووە

لە وەها هەلومەرجێکدا، ئەوەی بۆ بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە گرنگییەکی چارەنووسسازی هەیە، هۆشیارییە بەم زەروورەتەی کە ئەمجارە بە وەرگرتنی دەرس لە ئەزموونی شەڕ و وانە وەرگرتن لە ئەزموونی ڕاپەڕینە سەرتاسەرییەکانی هەشت ساڵی ڕابردوو، بە شێوەیەکی هۆشیارانەتر و ڕێکخراوتر لە جاران، خەبات و تێکۆشان دژی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی درێژە پێبدەن و پەرەی پێبدەن. پێچەوانەی ستراتیژیی پاشایەتیخوازە فاشیستەکان و هێزە ئۆپۆزیسیۆنە بۆرژوازییەکان، شەڕی دوازدە ڕۆژە و شەڕی چل ڕۆژە سەلماندیان کە خەون و خەیاڵی گەیشتن بە ئازادی و خۆشگوزەرانی و سەقامگیری لە ڕێگەی دەستتێوەردان و هێرشی سەربازیی زلهێزە ئیمپریالیستییەکانەوە، تا چ ڕادەیەک بۆ بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران زیانبەخش و کوشندەیە. ئەزموونی ڕاپەڕینە سەرتاسەرییەکانی هەشت ساڵی ڕابردوو و نیوەگیانکردنی کۆماری ئیسلامی، لە هەمان کاتدا کە سەلماندی ڕزگاریی کرێکاران و خەڵکی ئێران لە چنگ ئەم ڕژێمە تەنیا بە دەستی خودی خۆیان بەدی دێت، هاوکات ئەم حەقیقەتەشی وەبیر هێنایەوە کە حکومەتی ئیسلامی بەو پێکهاتەیەی هەیەتی، بە نارەزایەتییە خۆڕسکەکانی سەر شەقام و ڕاپەڕینە خۆبەخۆ و بێڕێکخراوەکان ناڕووخێت، بەڵکوو دەبێت پێداویستییەکانی ڕووخاندنی، بە واتای خۆڕێکخستن، پێکهێنانی ڕێبەرییەکی سەرتاسەری و وێناکردنێکی ڕوون لە مانای سەرکەوتن، دەستەبەر بکرێت. ئەم ئەزموونانە، هاوشێوەی تەواوی ئەزموونەکانی سەدەی بیستەم و سەدەی بیستویەکەم، جارێکی دیکە ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی ئامادەیی ڕێکخراوەیی چینی کرێکار و بزووتنەوەی سۆسیالیستیی ئەم چینە لە گۆڕەپانی سیاسیی کۆمەڵگەدا، و هەروەها گرنگیی گرێدانی کارخانە و شەقام بۆ خولقاندنی هەر جۆرە گۆڕانکارییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتییان پشتڕاست کردەوە

❊❊❊



# ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە

## بۆ مەحکوومکردنی سیاسەتی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە کۆڵبەران

لەم ڕۆژانەی دواییدا، بڵاوبوونەوەی هەواڵی دەرکردنی مۆڵەت بۆ گواستنەوەی کەرەستەی خاوی پترۆشیمی و پۆلیمەری لەلایەن وەزارەتی سەنعەت، مەعدەن و تجارەتی ڕژیمی ئیسلامییەوە لە ڕێگەی کۆڵبەرانەوە، بە مەبەستی ئاسانکاری بۆ دابینکردنی کەرەستەی خاوی یەکە بەرهەمهێنەرەکان، جارێکی دیکە سەرنجی ڕای گشتی خستووەتەوە سەر بارودۆخی کارەساتباری کار و بژێوی و ئاسایشی کرێکاران و زەحمەتکێشان لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستان. کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدات ئەم هەنگاوە وەک «ڕێکخستنی کۆڵبەری» و هەنگاوێک لەپێناو کەمکردنەوەی گوشاری بژێوی لەسەر خەڵکی زەحمەتکێش پێناسە بکات، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەم سیاسەتە، هەنگاوێکی دیکەیە لەپێناو بەدامەزراوەییکردن و توندترکردنەوەی چەوساندنەوەی ئەو مرۆڤانەی کە چەندین دەیەیە قوربانی هەڵاواردن، بێبەشبوون، کوشتار و سەرکوتکردنن

کۆڵبەری نە «پیشە»یە و نە «دەرفەتێکی ئابووری». لەژێر دەسەڵاتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیدا، لاوازی ژێرخانە ئابوورییەکان لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا، نەبوونی بەرنامەی درێژخایەن بۆ پێکهێنانی هەلی کاری پایدار و هەڵاواردنی بەرین لە تەرخانکردنی بودجەی پێویست بۆ پارێزگاکانی ناوچە کوردنشینەکان، بووەتە هۆی پەرەسەندنی هەژاری و بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری. لە ئاکامی ئەم سیاسەتەدا نە تەنیا بۆشایی نێوان هەژاری و سەروەت قووڵتر بووەتەوە، بەڵکوو دیاردەی کۆڵبەری کە دەرهاویشتەی ڕێژەی بەرزی بێکاری و نەبوونی هەلی کاری پایدارە، پەرەی سەندووە. سەرەڕای ستەمی چینایەتی، سیاسەتە شۆڤێنیستی و پڕ لە هەڵاواردنەکان و ڕوانگەی ئەمنیەتی بۆ کوردستان بووەتە هۆی ئەوەی کە حەشیمەتێکی زۆر لە خەڵکی ئەم ناوچانە بەتایبەت لە شارە سنوورییەکان، جگە لە کۆڵبەری هیچ ڕێگەیەکی دیکەیان بۆ دابینکردنی لانیکەمی تێچووە قورسەکانی ژیان لەبەردەمدا نەمێنێت

لەڕاستیدا کۆماری ئیسلامی لە لایەکەوە بەهۆی هەژاری و بێکارییەوە ئەم مرۆڤە زەحمەتکێشانە پاڵ پێوەدەنێت بەرەو کۆڵبەری و لە لایەکی دیکەشەوە هەمان ئەو مرۆڤە بێبەشانە بە گوللە، ئەشکەنجە، زیندان و مینە بەجێماوەکانی شەڕ، قەتڵوعام دەکات. بەپێی ڕاپۆرتەکان، لە ساڵانی ڕابردوودا سەدان کۆڵبەر گیانیان لەدەست داوە و سەدانی دیکەش بریندار بوون، ئەمەش ئامارێکە کە تەنیا بەشێک لە ڕاستییەکان نیشان دەدات، چونکە زۆرێک لە ڕووداوەکان هەرگیز تۆمار ناکرێن و لە میدیاکاندا بڵاو نابنەوە. ئێستا هەمان ئەو حکوومەتەی کە کۆڵبەرانی بە «قاچاخچی» ناوزەد دەکرد، دەیەوێت لە لایەکەوە بەشێک لەم هێزی کارە بێمافە بۆ گواستنەوەی کەرەستەی خاوی پیشەسازییەکانی پترۆشیمی و پۆلیمەری

لەپێناو دابینکردنی بەرژەوەندی تۆڕە گەورە بازرگانییەکان و سەرمایەدارانی سەر بە حکوومەت بەکار بهێنێت، و لە لایەکی دیکەشەوە تێدەکۆشێت بە دەرکردنی مۆڵەتی گواستنەوەی کاڵا، سیمایەکی یاسایی و ئاسایی بە کارەساتێکی مرۆیی ببەخشێت؛ کارەساتێک کە خۆی خولقێنەریەتی. لە ڕاستیدا ئەم سیاسەتە هەوڵێکە بۆ تێکەڵکردنی کۆڵبەری لەگەڵ میکانیزمی فەرمی سەرمایەداری کۆماری ئیسلامیدا؛ سیستمێک کە یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی مانەوەی خۆی لەسەر بنەمای چەوساندنەوەی هێزی کاری هەرزان، سەرکوتی ڕێکخراو و بێبەشکردنی جەماوەری زەحمەتکێش دامەزراندووە

کۆمەڵە، هەروەک چۆن تا ئێستا شێلگیرانە کوشتار و ڕەنج و ئازاری کۆڵبەرانی لەلایەن ڕژیمی کۆماری ئیسلامییەوە مەحکووم کردووە و بەرگریکردن لە گیان و کەرامەتی کۆڵبەرانی بە بەشێک لە ئەرکە حاشاهەڵنەگرەکانی خۆی زانیوە، جارێکی دیکە جەخت دەکاتەوە کە ڕێگەچارەی قەیرانی کۆڵبەری نە لە «ڕێکخستن» و بەدامەزراوەییکردن و ئاساییکردنەوەی یەکێک لە نامرۆڤانەترین شێوەکانی چەوساندنەوەی هێزی کار، بەڵکوو لە کۆتاییهێنان بەو دۆخەدایە کە مرۆڤەکان بەرەو کۆڵبەری و هەنگاونان لە جادەی مەرگدا پاڵ پێوە دەنێت. تەنیا بە کۆتاییهێنان بە سیاسەتە هەڵاواردنکارانە و ئەمنیەتییەکان، پێکهێنانی هەلی کاری پایدار، دابینکردنی بیمەی بێکاری و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان، و ئازادی ڕێکخراوە کرێکارییەکانە کە دەتوانرێت کۆتایی بە «پیشە»ی پڕمەترسیی کۆڵبەری بهێنرێت. خەبات بۆ کۆتاییهێنان بە کۆڵبەری، خەباتە بۆ مافی بەهرەمەندبوونی سەرجەم مرۆڤەکان لە ژیانێکی شایستە، کاری ئەمن، خۆشگوزەرانی و ئازادی

کۆمەڵە لە سەرجەم هەڵسوڕاوان و پێشڕەوانی بزووتنەوەی کرێکاری ئێران چاوەڕوان دەکات، کە ئاشناکردنی هەرچی زیاتری کرێکاران و ڕای گشتی بە بارودۆخی پڕمەترسیی «پیشە»ی کۆڵبەری و دەرد و ڕەنج و خەباتی مافخوازانەی کۆڵبەران بە ئەرکی خۆیان بزانن و لەدژی کوشتاریان و لەپێناو بەرگریکردن لە مافە مرۆییەکانی ئەم هاوچینانەی خۆیان، درێغی لە هیچ هەوڵێک نەکەن

**بڕووخێ کۆماری ئیسلامی**

**بژی دەسەڵاتداریەتیی شۆرایی خەڵک لە کوردستان**

**بژی سۆسیالیزم**

**کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە**

**ڕێکخراوی کوردستانیی حزبی کۆمۆنیستی ئێران**

٣١ی گوڵانی ١٤٠٥ی هەتاوی

٢١ی مەی ٢٠٢٦ی زایینی

❊❊❊

## بانگەوازی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان

## کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی لەبەردەم ڕێکخراوی جیهانی کار

## لە ژنێڤ - ٥ی ژوئەنی ٢٠٢٦

## دژی شەڕ و دەرئەنجامەکانی بۆ سەر کرێکاران

لە سەروبەندی بەڕێوەچوونی سەد و چواردەیەمین کۆنفرانسی ساڵانەی ڕێکخراوی جیهانی کاردایەن و شەڕی نێوان ئەمریکا، ئیسرائیل و ئێران، هاوڕێ لەگەڵ بەرزبوونەوەی نرخی نەوت، دەرئەنجام و کاریگەری قورسی لەسەر کار و ژیانی دەیان ملیۆن کرێکار لە سەرانسەری جیهاندا داناوە. ئەمریکا و ئیسرائیل بە بۆردومانی ناوەندەکانی کار و ژێرخانە ئابوورییەکانی ئێران، گیانیان لە دەیان کرێکار سەندووە و سەدان هەزار کرێکاریان بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بێکار کردووە. هەروەها بەهۆی هێرشەکانی کۆماری ئیسلامییەوە بۆ سەر ناوەندە ئابوورییەکانی وڵاتانی کەنداوی فارس، هەزاران کرێکاری کۆچبەر ئاوارە بوون و گەڕێندراونەتەوە بۆ وڵاتەکانی خۆیان. بە داخستنی گەرووی هورمز و ڕێگریکردن لە هاتوچۆی کەشتییەکانیش، هەزاران دەریاوان لەناو کەشتییەکاندا گیرییان خواردووە و بەکردەوە زیندانی کراون

ساڵانێکە پارێزەرانی بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستەکان دەرفەتی کۆبوونەوەی ساڵانەی ڕێکخراوی جیهانی کار لە ژنێڤ دەقۆزنەوە، بۆ ئەوەی جەخت لەسەر داواکارییەکانی چینی کرێکاری ئێران بکەنەوە. چونکە کرێکاران لە ئێران لە ڕێکخراوە و سەندیکا سەربەخۆکانی خۆیان بێبەشن و هیچ نوێنەرێکیان نییە تا لە کۆبوونەوەی ڕێکخراوی جیهانی کاردا بەشداری بکات و داواکارییەکانیان بخاتە بەر چاوی ئامادەبوان. کۆماری ئیسلامی هەر جۆرە هەوڵێکی کرێکاران بۆ دروستکردنی ڕێکخراوی سەربەخۆی کرێکاری، بە گرتن و ئەشکەنجە و زیندان وەڵام داوەتەوە. ئەوانەی بە ناوی نوێنەرانی کرێکارانەوە لەم کۆبوونەوەیەدا ئامادەن، نێردراوانی ڕژێمی ئیسلامین، نەک نوێنەرانی ڕاستەقینەی کرێکارانی ئێران

وەرگرتن و قبووڵکردنی نێردراوانی ڕژێمی ئیسلامی لە کۆبوونەوەی ڕێکخراوی جیهانی کاردا، نەک هەر هیچ متمانە و ئیعتیبارێک بۆ ئەوان لەلای کرێکارانی ئێران دروست ناکات، بەڵکوو ئەوە ئیعتیباری خودی ڕێکخراوی جیهانی کارە کە خەوشدار بووە و زیانی بەرکەوتووە؛ لەبەر ئەوەی ئەم ڕێکخراوەیە دەیان ساڵە چاوی خۆی لە ئاست پێشێلکردنی ئاشکرای بڕیارنامە و پەیماننامەکانی، لەوانە مافی جیهانیی ڕێکخراوبوون و مانگرتن لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە، بەستووە

داواکارییەکانی کرێکارانی ئێران هێشتا هەر هەمان ئەو خواستە بنەڕەتییانەن کە پارێزەرانی بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستەکان هەموو ساڵێک لەم کۆبوونەوەیەدا هاواریان بۆ کردووە: مافی دروستکردنی ڕێکخراوی سەربەخۆ، مافی مانگرتن، مافی واژۆکردنی گرێبەستی بەکۆمەڵ، قەدەغەکردنی دیاریکردنی کەمترین کرێ کە چەندین هێندە لەژێر هێڵی هەژارییەوەیە، هەڵوەشاندنەوە و قەدەغەکردنی گرێبەستە کاتی و سپییمزاکان، هەڵوەشاندنەوەی کۆمپانیا بەڵێندەرەکان (پەیمانکارەکان) و ئازادکردنی کرێکارانی زیندانیکراو

ڕێکخراوی جیهانی کار پشتی بە پێکهاتەیەکی «سێقۆڵی» بەستووە. لە ڕوانگەی چالاکانی بزووتنەوەی کرێکاریی ئێرانەوە، دەوڵەتە سەرمایەدارییەکان لە ئێران و وڵاتانی دیکەشدا بێلایەن نین، بەڵکوو پارێزەری بەرژەوەندییەکانی خاوەن پیشەسازییەکان و سەرمایەدارانن. ئەم پێکهاتە سێقۆڵییە، لە باشترین حاڵەتدا، میکانیزمێکی «دوو بە یەک»ە لە قازانجی خاوەن پیشەسازی و سەرمایەداران؛ بەڵام لە ئێران، لە شوێنێکدا کە کرێکاران لە ڕێکخراوی سەربەخۆی خۆیان بێبەشن، ئەم هاوکێشەیە دەبێتە «سێ بە سفر» بە زیانی بەرژەوەندیی کرێکاران

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ڕێکخراوی جیهانی کار دەتوانێت فەزایەک بێت کە تێیدا کرێکارانی ئێران لەگەڵ داواکاریی کرێکارانی وڵاتانی دیکە ئاشنا بن و دەنگی خۆیان بە گوێی کرێکارانی ناوچەکانی دیکەی جیهان بگەیەنن و هاوپشتیی نێونەتەوەیی کرێکاران بەهێزتر بکەن. سەرەڕای ئەوەش، ڕێکخراوی جیهانی کار دەتوانێت پێداگری لەسەر جێبەجێکردنی دوو پەیماننامەی گرنگی پەیوەست بە مافی ڕێکخراوبوون و مانگرتن لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بکات و لەم ڕێگەیەوە گوشاری زیاتر بخاتە سەر ڕژێمی ئیسلامی بۆ ملدان بەم مافە جیهانییانەی کرێکاران

شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان، بانگەواز لە سەرجەم چالاکانی چەپ، کۆمۆنیست و کرێکاری، هەروەها دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافەکانی مرۆڤ دەکات کە بە هەماهەنگی لەگەڵ «کۆمیتەی سەرتاسەریی بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی لە ژنێڤ» لە گردبوونەوەی ٥ی ژوئەندا بەشداری بکەن و لە پێناو کۆتاییهێنان بە شەڕ و بەرەنگاربوونەوەی سزای لەسێدارەدان، ببنە دەنگی کرێکارانی ئێران بۆ شۆڕش، ئازادی و یەکسانی

**بژی هاوپشتیی نێونەتەوەیی چینی کرێکار**

**بژی ئازادی، بژی سۆسیالیزم**

**بڕووخێ ڕژێمی سەرمایەداریی ئیسلامی**

**شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان**

ئیمزاکان: ئیتحادی سۆسیالیستی کارگەری، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری – حێکمەتیست، سازمانی ڕاهی کارگەر، سازمانی فەدائیان (ئەقەلیەت) و هەستەی ئەقەلییەت

٢٧ی گوڵانی ١٤٠٥ - ١٧ی مەی ٢٠٢٦

❊❊❊

# بەرز و بەڕێز بێت یادی گیانبەختکردووانی بۆردومانی کیمیایی دۆڵی بۆتێ

۳۸ ساڵ لەمەوبەر، ئێوارەی ڕۆژی ۲۵ی گوڵانی ساڵی ۱۳٦۷، بارگاکانی ناوەندی کۆمەڵە هەڵکەوتوو لە دۆڵی "بۆتێ"، لە ۲۰ کیلۆمەتری باکووری شاری "ڕانیە" لە کوردستانی عێراق، لەلایەن فڕۆکە جەنگییەکانی ڕژێمی تاوانکاری بەعسی عێراقەوە کرانە ئامانجی بۆردومانی کیمیایی. لەم پەلامارە دڕندانە و تاوانکارانەیەدا، ۲۳ کەس لە ئەندامان و کادرەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە گیانیان بەخت کرد و نزیک بە ۱۵۰ کەسیش بریندار و ژەهراوی بوون. ئەم هاوڕێیانە لە ڕیزی لێهاتووترین و تێکۆشەرترین پێشەنگەکانی بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی ئێران و لە کەسایەتییە ناسراو، دێرین و خۆشەویستەکانی نێو جەماوەری خەڵک بوون. ئەوان دژی ستەم و چەوساندنەوە و بێمافی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش، دژی شەڕ و تاوانەکانی سیستەمی چینایەتی دەسەڵاتدار و بۆ بەرگریکردن لە مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی کوردستان ڕاپەڕین و هەموو ژیانی خۆیان تەرخان کرد بۆ خەباتی بێوچان دژی سیستەمی سەرمایەداری و سەرجەم نەهامەتی و زوڵمەکانی و دژی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی وەک یەکێک لە هارترین حکوومەتە سەرمایەدارییەکانی سەردەم

لەو ڕۆژەدا، هەر کە هەواڵی بۆردومانە کیمیاییەکەی بارگاکانی کۆمەڵە گەیشتە شاری ڕانیە، هەزاران کەس لە خەڵکی ئەو شارە، سەرەڕای مەترسی کاردانەوەی ڕژێمی بەعسی عێراق، بۆ بەهاناوەچوونی پێشمەرگە بریندار و بەرکەوتووەکانی کۆمەڵە بە شێوەیەکی جەماوەری کەوتنە خۆ و هەرچی لە توانایاندا بوو خستیانە گەڕ بۆ یارمەتیدانی هاوڕێیانی زیانلێکەوتووی ئەو کارەساتە. زۆربەی پزیشکان و دەرمانخانەکانی شاری سلێمانیش، سەرەڕای هەڕەشە و هۆشدارییەکانی ڕژێمی عێراق، لە چارەسەرکردنی بەرکەوتووانی کۆمەڵەدا ئەوپەڕی هاوکارییان نواند. هاوپشتیی پڕجۆشوخرۆشی خەڵکی کوردستانی عێراق و بەتایبەت خەڵکی شاری ڕانیە و گوندەکانی ئەو ناوچەیە لەگەڵ پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لەو ڕۆژەدا، یادەوەرییەکە کە هەرگیز لە هزر و بیرمان ناسڕێتەوە

ناوی ئەو هاوڕێیانەی لە بۆردومانی کیمیایی بارەگاکانی کۆمەڵە لە ڕۆژی ۲۵ی گوڵانی ۱۳٦۷دا گیانیان بەخت کرد، بریتین لە

١- ئیسماعیل مستەفازادە

٢- ئەحمەد محەممەدی

٣- بایەزید بەییاز

٤- پەرویز تاجوانچی

٥- حوسێن سیگاری

٦- سەعید محەممەدی

٧- جەلال پێنجوێنی

٨- فریشتە ڕەزایی

٩- عەبدوڵڵا هۆشیاریان

١٠- عەلی حەسەن محەممەدی (تەهموورس)

١١- فەرەنگیس شاهۆیی

١٢- کەریم جەننەتی

١٣- کەریم عەبدوڵڵاپوور

١٤- مریەم مەجنوون (سەعادەت)

١٥- کەماڵ ڕەزانژاد

١٦- کەیومەرس موهاجیر (جەببار)

١٧- مەنووچێهر مەحموودیان (مورتەزا)

١٨- محەممەد ڕەسووڵی خۆشسیفەت

١٩- محەممەد عومەر عەلی

٢٠- ناسێح مەردۆخ

٢١- نادر قازیزادە (ئازاد)

٢٢- وەفا توتونچی

٢٣- حامید مودەڕسی

ئەم ئازیزە گیانبەختکردووانە لە ڕیزی ئەو مرۆڤە پێگەیشتوو و شۆڕشگێڕانە بوون کە بە جۆش و خرۆشی شۆڕشگێڕانە و دڵێکی پڕ لە هیواوە، لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان و شارەکانی دیکەی ئێرانەوە، بە پەیوەستبوون بە ڕیزەکانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانەوە، شانبەشانی یەکتر و بە قبووڵکردنی مەترسییەکی زۆرەوە، لە ئۆرگانە ناوەندییەکانی کۆمەڵە و هەروەها "ڕادیۆ دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران"دا تێکۆشانیان دەکرد. یادی ئەم ئازیزانە هەمیشە زیندوو و بەرز و بەڕێز بێت

***





# کۆبوونەوەی پڕ لە کێشمەکێشی بریکس لەسەر بەستێنی قەیرانە نێودەوڵەتییەکاندا

کۆبوونەوەی گشتی ساڵانەی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی ئەندام لە گرووپی بریکس، لە ڕۆژانی پێنجشەممە و هەینی ۲۴ و ۲۵ی گوڵان، لە نیودلهی پایتەختی هیندستان بەڕێوە چوو. ئەندامە کۆنەکانی ئەم ڕێکخراوەیە واتا "برزیل، ڕووسیا، هیندستان، چین و باشووری ئەفریقا" و ئەندامە نوێیەکانی وەک "میسر، ئێتیۆپی، ئەندۆنێزی، ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی و ئێران" لەم دانیشتنەدا بەشدار بوون. لەم کۆبوونەوەیەدا، خاڵە ناکۆکەکان بە ڕادەیەکی بەرچاو زیاتر لە خاڵە هاوبەشەکان بوون، بە جۆرێک کە لە کۆتایی دانیشتنەکەدا نەیانتوانی بەیاننامەیەکی هاوبەش بڵاو بکەنەوە. پەرەسەندنی قەیرانە سیاسی، ئابووری و ژێئۆپۆلیتیکییەکانی نێوان جەمسەرەکان و دەوڵەتە سەرمایەدارییەکان و دژایەتی بەرژەوەندییەکان لە نێوانیاندا، بووەتە هۆی ئەوەی کە دەوڵەتانی ئەندام لەم هاوپەیمانییەدا، لەسەر زۆرێک لە پرس و پێشهاتە هەنووکەییەکان تووشی ناکۆکی بن و تەنانەت بایکۆتی دانیشتنەکانیش بکەن. هەروەک چۆن بەشداریکردنی چین لەم کۆبوونەوەیەدا نەک لە ئاستی وەزیری دەرەوە، بەڵکوو لە ئاستی باڵیۆزی ئەم وڵاتە لە هیندستان، نیشاندەری بوونی ناسازگارییەکی لەم شێوەیە. کێشمەکێشی نێوان هیندستان و چین لەسەر پەرەپێدانی هەژموون لە وڵاتانی ناوچەکە و سەبارەت بە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەمریکا و زلهێزەکانی دیکەی ڕۆژئاوا، بووەتە هۆی قووڵبوونەوەی کەلێنی نێوانیان وەک دوو ئەندامی گرنگی گرووپی بریکس. لە لایەکی دیکەوە، هەڵوێستی جیاوازی وڵاتانی ئەندامی بریکس سەبارەت بە شەڕی ڕووسیا (وەک ئەندامێکی بەهێزی بریکس) لەگەڵ ئۆکراین، بەشێکی دیکە لەم درز و کەلێنانەی پێک دەهێنا

بەڵام جیاوازی هەڵوێستە سیاسییەکان لە نێوان دەوڵەتانی ئەندامی بریکس لە سەر شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ کۆماری ئیسلامی کە ڕەوتی هەناردنی نەوتی بۆ وڵاتانی دیکەش پەک خستووە، بابەتێک بوو کە کەشی ئەم دانیشتنەی بە توندی خستە ژێر کاریگەریی خۆیەوە، تا ئەو جێگەیەی نەیانتوانی لەم ڕووەوە بگەنە هیچ ڕێککەوتنێک. گرژییەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی کە تەنانەت پێکدادانی سەربازیشی لێ کەوتووەتەوە، هەروەها پەلاماری کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کەشتییەکی بازرگانی هەڵگری ئاڵای هیندستان لە نزیک ئاوەکانی عومان (تەنیا ڕۆژێک پێش بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەکەی دەلهی) کە بووە هۆی ئاگرتێبەربوون و نوقمبوونی، و لە پاڵ ئەمانەشدا ڕفاندنی کەشتییەکی دیکە لە ئاوەکانی نزیک فوجەیرەی ئیمارات لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، وای کرد کە ئەم دانیشتنە نەتوانێت سەبارەت بە شەڕ و پرسە گرنگەکانی ناوچەکە، لەوانە داخستنی گەرووی هورمز، هیچ هەڵوێستێکی هاوبەش بگرێتە بەر. بێگومان لە سەرەتای ململانێکانی کۆماری ئیسلامی و ئەمریکاوە لە گەرووی هورمز و دەریای عومان، تا ئێستا چەندین کەشتی دیکەش بوونەتە ئامانجی پەلامارە سەربازییەکانی کۆماری ئیسلامی

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، عەباس عێراقچی، وەزیری دەرەوەی ڕژێمی ئیسلامی، چاوەڕێی ئەوە بوو کە شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ببێتە گرنگترین تەوەری گفتوگۆکانی بریکس. ئەو داوای لە وڵاتانی ئەندامی بریکس کرد

لەم کێشەیەدا دەستێوەردان بکەن، بێ پێچوپەنا پشتیوانی لە کۆماری ئیسلامی بکەن و "پێشێلکردنی مافە نێودەوڵەتییەکان لە لایەن ئەمریکا و ئیسرائیلەوە مەحکووم بکەن." ناوبراو وتی: "هێرش بۆ سەر خەڵکەکەم بە بانگەشەی درۆینە پاساو دراوە. ئێران وەک زۆرێک لە وڵاتانی سەربەخۆی دیکە، بووەتە قوربانی پاوانخوازی و شەڕانگێزی." عێراقچی لە درێژەی قسەکانیدا، وێڕای هەڕەشەکردن لە ئیمارات، لە ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆدا بۆ جێگری وەزیری دەرەوەی ئەم وڵاتە، دانی بەوەدا نا کە کۆماری ئیسلامی هێرشی سەربازی کردووەتە سەر ئیمارات و وتی: "هاوپەیمانی ئێوە لەگەڵ ئیسرائیلیش نەیتوانی بتانپارێزێت. کەواتە پێداچوونەوە بە سیاسەتی خۆتاندا بکەن لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامی ئێراندا." ئەو سەبارەت بە گەرووی هورمز لە چاوپێکەوتنێکدا چەواشەکارانە بانگەشەی ئەوەی کرد کە: "لە ڕوانگەی ئێمەوە گەرووی هورمز بە ڕووی سەرجەم کەشتییە بازرگانییەکاندا کراوەیە، بەڵام دەبێت ئەوان هاوئاهەنگی لەگەڵ هێزە دەریاییەکانی ئێمەدا بکەن". ناوبراو ئیماراتی بە هاودەستی لەگەڵ ئیسرائیل تۆمەتبار کرد و ڕایگەیاند کە ئەم هاوکارییە لێخۆشبوونی بۆ نییە و دەبێت ئیمارات باجەکەی بدات

ئەم چاوەڕوانییانەی عێراقچی لە کاتێکدایە کە هاوپەیمانیی بریکس توانای کارێکی لەم چەشنەی نییە و زۆرێک لە بەشداربووانی ئەو دانیشتنەش، هیچ مەیلیان بەلای گرتنەبەری هەڵوێستێک دژ بە ئەمریکا و ئیسرائیلدا نییە. وەزیری دەرەوەی هیندستان لە یەکەم ڕۆژی دانیشتنی بریکس و لە وتاری دەستپێکدا ڕایگەیاند: "ئێمە لە سەردەمێکدا کۆ بووینەتەوە کە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان گۆڕانکاریی بەرفراوانیان بەسەردا هاتووە. ململانێ هەنووکەییەکان، ناسەقامگیریی دۆخی ئابووری و ئاستەنگەکانی بەردەم بازرگانی، تەکنەلۆژیا و ژینگە، خەریکە نەخشەی ئاسۆی جیهانی دادەڕێژن." ئەو، ئەرکی بریکس و یارمەتیدانی وڵاتانی "لەحاڵی گەشەکردن"ی لەم قۆناغەدا، بە دۆزینەوەی وەڵامێکی کاریگەر بۆ قەیرانە دارایی و تەندروستییەکان، و بەرزبوونەوەی نرخی وزە و خۆراک و کوودە کیمیاییەکان پێناسە کرد. ناوبراو بە گرتنەبەری هەڵوێستێکی پارێزکارانەوە، ڕایگەیاند کە هاتوچۆی بێکێشە و ئازادی کەشتییەکان لە ئاوە نێودەوڵەتییەکان و لەوانەش لە گەرووی هورمز، بۆ خۆشگوزەرانی ئابووریی جیهان پرسێکی چارەنووسسازە، و هێرشکردنە سەر کەشتیی هیندستان لە ئاوەکانی عومانی بە کارێکی قبووڵنەکراو وەسف کرد. وەزیری دەرەوەی هیندستان وتی: "پێویستە بریکس هەڵوێست لە بەرامبەر پەرەسەندنی ڕێکاری زۆرەملێ و سەپاندنی گەمارۆی یەکلایەنە بگرێت کە پێچەوانەی مافە نێودەوڵەتییەکانە، و لەم ڕووەوە ڕۆڵێکی بنیاتنەر بگێڕێت. چونکە هەنگاوی لەم چەشنە ناتوانن جێگرەوەی دیالۆگ بن و شوێنی دیپلۆماسی بگرنەوە."

ژماردنی ئەم ئەرک و هەڵوێستانە لە لایەن سەرۆکی ئەم دانیشتنەوە لە کاتێکدایە کە دەوڵەتانی پێکهێنەری هاوپەیمانیی بریکس، لەوانە چین و ڕووسیا لە کاتی دامەزراندنی لە ساڵی ٢٠٠٩دا، ڕایانگەیاندبوو کە هەوڵ دەدەن لە ڕێگەی گێڕانی ڕۆڵێکی گەورەوە، ئەو نەزمە جیهانییە بگۆڕن کە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن لەژێر ڕکێف و هەژموونی ئەمریکا و هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانیدا بووە. بەڵام خێرایی پێشهاتە جیهانی و ناوچەییەکان و قووڵبوونەوەی قەیرانی ئابووریی سەرمایەداری، بەرژەوەندی و قازانجی زلهێزە سەرمایەدارییەکانیشی خستووەتە مەترسییەوە

❊❊❊

# کۆمۆنیستەکان و مەزهەب
# دین ئەفیوونی جەماوەرە

ئامانجی ئێمە کۆمۆنیستەکان لە ڕۆشنگەری و تەبلیغ دژبە مەزهەب، سڕینەوەی وەهم و باوەڕی مەزهەبیی جەماوەری خەڵک و باوکردن و پەرەپێدانی سۆسیالیسمی زانستی لەناو کرێکاران و زەحمەتکێشانی کۆمەڵگا دایە. گەشەپێدانی سۆسیالیسمی زانستی لەناو کرێکاران و بەشی هەرچی بەرینتری جەماوەری خەڵک، ئەرکی هەمیشەیی ئێمە کۆمۆنیستەکانە

مەزهەب لە کۆمەڵگای چینایەتی ئەمڕۆدا، لە هەمان حاڵدا کە باوەڕی جەمارێکی بەرین لە کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش پێک دێنێت، ئامرازێکە لەدەست بورژوازی و دەوڵەتەکەیدا بۆ بەرەودوابردنی خەڵک و درێژەی دەسەڵاتی نیزامی سەرمایەداری. مەزهەب بە درێژایی مێژوو ڕنگدانەوەی بێ هیوایی و بێ توانایی جەماوەری خەڵک بووە لەدەست و پەنجە نەرم کردنیان لەگەڵ کۆسپ و بەربەستەکانی سەر ڕێی ژیانیان. ئینسانێک کە دیلی موناسباتی نیزامی سەرمایەدارییە و بە تەنیایی ناتوانێ بارودۆخی ژیانی خۆی بگۆڕێ و لە بەرانبەر ڕەنج و ئازارێکدا کە خۆی و بنەماڵەکەی گیرۆدەین، هیچی لەدەست نایەت، کاتێک کە خۆی لاواز و داماو دەبینێ بە ناچاری ڕوو دەکاتە ئاسمان، بەو هیوایەی کە هێزێکی بەتواناتر لەخۆی دەرکەوێت و ڕزگاری بکات. کاتێک لە دنیای ڕاستەقینەدا هیچ هیوایەک بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانی نامێنێتەوە، ئاوات دەخوازێ بۆ گەیشتن بە هیوا و ئومێدەکانی دوای مردن سەرلەنوێ زیندوبیتەوە، و بە ئاواتی گەیشتن بە ڕێفاە و خۆشبەختی لە دنیای خەیاڵی دوای مردندا، ڕەنج و ئازارەکانی دنیای ڕاستەقینە تەحەمول دەکات. ئایین ئەفیوونی جەماوەرە؛ ڕێک هەروەک چۆن دەرمانە ئازارشکێن و هۆشبەرەکان بۆ کەمکردنەوەی کاتیی ئازار بەکاردێن، ئایینیش بە هەمان شێوە دەرد و مەینەتییەکانی چینی کرێکار لە کۆمەڵگەیەکی چینایەتیدا هێور دەکاتەوە. ئایین لە ڕێگەی پێدانی بەڵێنی بەهەشت لە دنیایەکی تردا، خەڵکی ڕەنجکێش و چەوساوە قایل دەکات تا مل بە هەژاری و ستەمی ئەم دنیایە بدەن، بەمەش دەبێتە کۆسپێک (لەمپەرێک) لە بەردەم سەرهەڵدانی نارەزایەتی و شۆڕشدا. ئایین بەختەوەرییەکی وەهمییە، بۆ گەیشتن بە بەختەوەریی ڕاستەقینەش، پێویستە مرۆڤەکان ئەم وەهمە وەلابنێن

ڕزگاریی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش لە چنگ ئەم وەهم و خورافەیە بە ڕۆشنگەری و شیکردنەوەی زانستی بابەتەکانی جیهان لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا دێتەدێ، بەڵام ئەم ڕزگارییە لە پانتایی کۆمەڵایەتیدا کاتێک مەیسەر دەێت کە بارووەدۆخی ژیانی مرۆڤ بگۆڕدرێت و ئەو هێزە سرووشتی و کۆمەڵایەتییانەی کە مرۆڤ لە ترسانیان پەنا بۆ وەهم و خورافە و مەزهەب دەبات، بکەوێتە ژێر کۆنتڕۆڵی چینی کرێکار و بیری مرۆڤی پێشکەوتووخوازەوە. بە شۆڕشی کۆمەڵایەتیی چینی کرێکار و لەناوچوونی نیزامی سەرمایەداری، ڕێگای ڕزگاری لە زیندانێک کە توانای ئاڵوگۆڕبەخشی ئینسان تێیدا بە بەند کێشراوە ئامادە دەبێت. کەوابوو ئەرکی ئێمە دابین کردنی پێداویستییەکانی شۆڕشی کرێکارییە. بێگومان ڕوون کردنەوەی زانستی بابەتەکانی جیهانی ئەمڕۆ لەناو کرێکاران و سڕینەوەی پاشماوەکانی بیری مەزهەبی لەناو بیر و مێشکیاندا و نیشاندانی ئەم واقعییەتە کە مەزهەب زنجیری دیلیەتییەکی دیکەیە بە دەست و پێی کرێکارانەوە، بەشێک لە هەوڵ بۆ دابین کردنی پێداویستییەکانی شۆڕشی کرێکارییە

هەربۆیە دانە بەر ڕەخنە و ڕوونکردنەوەی مەزهەب و دین وەک ئیدێئۆلۆژی ئیدێئالیستی سەرچاوەگرتوو لە جەهل و خورافە، بەدەر لەوەیکە دەورونەخش و کاریگەری سیاسی ئەم ئیدێئۆلۆژییە لەسەر ئەم یان ئەو قۆناغی خەباتی چینایەتی تا چ ڕادەیەک بێت، بەشێک لە خەباتی ئێمەیە بۆ پەرەپێدانی سۆسیالیسمی زانستی. لەبەر ئەوەیکە دین تێگەیشتنی بەراوەژووی جیهانە و ڕەخنەگرتن لێی، لەخۆنامۆبوونی دینی ئاشکرا دەکات و نیشانی دەدات کە ئینسان خوڵقێنەری دینە نەک دین خوڵقێنەری ئینسان. کەوابوو هیچ مەسڵەحەتێکی سیاسی یان تاکیتیکی ناتوانێ و نابێ ببێتە هۆی خۆبەدوور گرتن لە ئەنجامدان و بەداهاتوو سپاردنی ئەم ئەرکە. بەڵام سەرەڕای ئەم ئامانجە گشتییە، کە زەرووەرەتی بەرەنگاربوونەوەی هەمیشەیی لەگەڵ هەر بیروباوەڕێکی دینی دەخوڵقێنێت، هەڵسووکەوتی کۆمۆنیستەکان لەگەڵ مەزهەب ئامانجی سیاسییەکی دیاریکراویشی لە پێوەند لەگەڵ بەرژەوەندی چینی کرێکار و ئامانجە سیاسییەکەی لە خەباتی چینایەتیدا لەپشتە. ئەو ئامانجە کە نیشانەی خەسڵەتی سیاسیی ڕەخنەی سۆسیالیستیی مەزهەب و لەم ڕوانگەوە نیشانەی جیاوازیی ئێمەیە لەگەڵ ئاتێئیسمی بورژوازی، بریتییە لە: “لاواز و ناکاریگەر کردنی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و سیاسی مەزهەب وەک ئامرازی فریو و بەرەودواوە بردن و سەرچاوەی ناکۆکی نانەوە لەناو جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش”

بە واتایەکی تر لە ڕوانگەی سیاسییەوە، کۆمۆنیستەکان هێزی بابەتی و کۆمەڵایەتیی مەزهەب، واتە ئەو ئۆرگانە تەبلیغاتییە کاریگەرەی کە بە هەموو کەرەستە و توانای کۆنەپەرستانەیەوە لە پەنا ئۆرگانەکانی سەرکوت خزمەت بە بورژوازی دەکات، بەشێوەی ڕاستەوخۆ دەکەنە ئامانج. تەبلیغاتی ئێمە لە دەوری خواستی دیاریکراوی “جیایی دین لە دەوڵەت” پێویستە بتوانێ ئامرازی سوننەتی دووبەرەکی و خۆشباوەڕی نانەوە لەناو جەمار لە دەستی سەرمایەداران و دەسەڵاتەکەیان بێنێتە دەر و لەم بوارەدا بێ چەکیان بکات

هەر لەم پێوەندەدا، جیایی دین لە دەوڵەت و خسووسی کردنی مەزهەب بۆ تاکەکان یەکێک لەو دروشم و داخوازییانەیە کە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران خەباتی بۆ دەکات، بەڵام بێجگەلە ئێمە بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی بورژوازیش بەدەر لەوەیکە لە داهاتوودا چەندە بەم بابەتە وەفادار دەمێننەوە، ئەم درووشمەیان بەرز کردووەتەوە. هەربۆیە لە تەبلیغ دژبە مەزهەب، ئەوەیکە هەڵوێستی ئێمە لە هەڵوێستی ڕەوتە بورژواییەکان جیا دەکاتەوە تەبلیغی جیایی دین لە دەوڵەت نییە، بەڵکوو لە هەمان حاڵدا درێژەی کاری ڕۆشنگەرانە دژبە جەهل و خورافەی مەزهەب و ئاشکرا کردنی ڕۆڵی سیاسی و کۆمەڵایەتیی مەزهەبە لە خزمەت کردنی بە نیزامی چینایەتی سەرمایەداری و پشت بەستن بە دەستکەوتەکانی مرۆڤایەتیی پێشکەوتنخوازە

هەروەک ئاماژەمان پێدا کۆمۆنیستەکان بەردەوام خوازیاری ”جیایی مەزهەب لە دەوڵەت“ بوون. ئامانجی ئێمە لە گەڵاڵەکردنی ئەم خواستە، کە مانای دیاریکراوی لە بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیست و بەرنامەی کۆمەڵە بۆ دەسەڵاتدارییەتیی

شۆرایی خەڵک لە کوردستان، بە وردی شی کراوەتەوە، بریتییە لەوەیکە نفووز و سوڵتەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی مەزهەب هەرچی زیاتر پووچەڵ بکەینەوە و دەخاڵەتی لە ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵک هەرچی زیاتر سنووردار بکەینەوە و بەستێن و باروودۆخێکی لەبار و گونجاوتر بۆ خەباتی ئیدێئۆلۆژیک دژبە جیهانبینیی مەزهەب دابین بکەین

بەڵام هێندێک لە چەپەکان کە بەردەوام نیگەرانی ڕەنجاندنی جەماوەرن، جاروبارە ئەم درووشمەی کۆمۆنیستەکان لە مانا و ناوەرۆک دەخەن و بەکردەوە دەیکەنە ئامرازێک بۆ پاساوکردنی بیروباوەڕی خۆیان دەربارەی ڕۆڵ و ماهییەتی مەزهەب. ئەوان خواستی جیایی مەزهەب لە دەوڵەت بەشێوەی دروشمێکی بەرگرانە و مەسڵەحەت خوازانە کە گۆیا بە ئامانجی ڕاگەیاندنی پشتیوانی کۆمۆنیستەکان لە مەزهەبی خسووسی و ڕەزایەت دان بە بیروباوەڕی مەزهەبیی کەسەکان و یان ڕاگەیاندنی بێ لایەنبوون سەبارەت بەم بیروباوەڕانەیە، بەکاری دێنن و لەناو جەماوەردا تەبلیغی بۆ دەکەن. تێئۆریسییەنەکانی کۆمۆنیست زۆر جار بەرامبەر بە وەها ڕوانگەیەک ڕایانگەیاندووە کە کۆمۆنیستەکان مەزهەب نەک لەپێوەند لەگەڵ خۆیان و حیزبی کۆمۆنیست، بەڵکوو نیسبەت بە دەوڵەت، بە بابەتێکی خسووسی دەزانن. ئەوان بە ڕوونی شییان کردووەتەوە کە تا ئەو جێگایەی کە بۆ پرۆلتاریا و حیزبەکەی دەگەڕێتەوە، کۆمۆنیستەکان ناتوانن و نابێ نیسبەت بە مەزهەب وەک بابەتێکی خسووسی ڕەزایەت بدەن یان تەنانەت لەم بارەوە بێ لایەن بن. ئەم هەڵوێستگیرییە واقعییە لەپێوەند لەگەڵ کۆمۆنیستەکانی ئێران کە پتر لە چل ساڵە دەسەڵاتێکی هاری مەزهەبی یەکێک لە پێگەکانی ئیسلامی سیاسی لە ناوچەکە پێکهێناوە، سەد هێندە درووستە

”جیایی دین لە دەوڵەت“ دروشمێکە کە وێڕای نیشاندانی دژایەتیمان لەگەڵ مەزهەب وەک بابەتێکی دەوڵەتی، بەڵێنداریشمان سەبارەت بە ئەسڵی ئازادی بێ شەرت و مەرج دەردەبڕێت. واتە جەخت لەسەر ئەم بنەمایە دەکاتەوە کە چینی کرێکار چ وەک ئۆپۆزیسیۆن و چ دوای بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی سیاسی، حەتمەن لەگەڵ پەیڕەو کردنی ئیجبار و زۆر و پشکنینی بیروباوەڕ و پێکهێنانی هەڵاواردن و بەربەستی یاسایی لە دژی کەسانی مەزهەبی دژایەتی دەکات و بۆ ڕەخنە و وەلانانی باوەڕ و بۆچوونی مەزهەبی لە کۆمەڵگادا، هیچ ڕێوشوێنێک بێجگە لە خەباتی نەزەری، ڕۆشنگەری و ئاموزش و قەناعەت پێهێنان بە ڕەوا نازانێ. ئێمە مەزهەب، بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەویکە سەربەخۆ لە دەوڵەت بێت یان نەبێت، بە ئەفیوونی جەماوەر و ئامرازی دواکەوتوویی ئەوان دەزانین و ئەگەر خوازیاری جیایی مەزهەب لە دەوڵەتین ڕێک بەو هۆکارەیە کە دەمانهەوێ گشت شێوازێکی ڕەسمی و یاسایی پەرەپێدانی ئەم ئەفیوونە لەناو کۆمەڵگادا بە یەکجاری هەڵوەشێنینەوە

لە کۆتاییدا تەئکید دەکەینەوە کە ئێمە کۆمۆنیستەکان لە خەبات لەگەڵ مەزهەبدا قەت بێ ڕێزی بە بیر و باوەڕی خەڵک ناکەین، کاری ئێمە ڕۆشنگەری و شیکردنەوەی بە حەوسەلەی ڕاستییەکان و ڕوونکردنەوەی بە بەڵگەی جیهانبینیی کۆمۆنیستی لە بەرانبەر دیاردەی مەزهەب دایە. چالاکی و خەباتی ئێمە دژبە مەزهەب نەتەنیا نابێ ڕیزی هاوپشتیی چینی کرێکار لەدژی سەرمایەداران لاواز بکات بەڵکوو ئەم ڕیزە چینایەتییە پێویستە بەهێز بکات

❊❊❊

# ڕێگای چەوتی چەپی میحوەری موقاوەمەت دژەئیمپریالیزم لە پێگەیەکی کۆنەپەرستانەوە

ڕەوتی ناسراو بە «چەپی میحوەری موقاوەمەت لە ئێران» بە هۆی لایەنگریکردنی لە کۆماری ئیسلامی و دژایەتیکردنی بزووتنەوە پێشڕەو و ئازادیخوازەکان بە پاساوی کەڵکوەرگرتنی دوژمنی دەرەکی، هەروەها بەهۆی ستایشکردنی میلیتاریزم و سیاسەتە شەڕانگێزییەکانی حکوومەتی ئیسلامی، هیچ نفووز و پێگەیەکی لەنێو کۆمەڵگادا نییە. بەڵام لەبەر ئەوەی کەسایەتی و ڕەوتەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕاستی پرۆ-ئەمریکایی (کە بۆ هێرشی سەربازیی ئەمریکا و ئیسرائیل ساتژمێری دەکەن) سوود لە بوونی ئەمانە وەردەگرن و وەک ئامرازێک بەدژی هێزە ڕادیکاڵەکانی چەپ و کۆمۆنیست بەکاریان دەهێنن؛ و هەروەها لەبەر ئەوەی «چەپی میحوەری موقاوەمەت» لە پڕوپاگەندە و چالاکییە ناوچەییەکان و هەندێک جار لەنێو بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا، بە دروشمی پووچی دادپەروەرانەوە هەوڵ دەدات ئەم بزووتنەوانە کۆنتڕۆڵ بکات و بیانکاتە هێزی یەدەگی ململانێی باڵەکانی حکوومەت، بۆیە ڕۆشنگەری و ئاشکراکردنی ماهییەتی ئەم ڕەوتە لەپێناو بەرگریکردن لە ئیعتباری بزووتنەوەی سۆسیالیستی، بەشێکە لە ئەرکەکانی کۆمۆنیستەکان لەم قۆناغەدا

ئەم ڕۆژانە لە هەلومەرجێکدا کە دەرەنجامە وێرانکەرەکانی شەڕی ئیمپریالیستی و کۆنەپەرستانەی دەوڵەتەکانی ئەمریکا، ئیسرائیل و کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی بێوێنە ئاسایش، کار، ژیان و بژێوی کرێکاران و زەحمەتکێشان و زۆرینەی خەڵکی لە ئێران و ناوچەکەدا خستووەتە ژێر گوشارەوە، چەپەکانی میحوەری موقاوەمەت (کە بەشێکیان لەژێر چەتری سیاسی بڵاوکراوەی «دانش و امید»دا چالاکی دەکەن)، زیاتر لە جاران ڕیزبەستنیان لەپشت ڕژیمی تاوانکاری کۆماری ئیسلامییەوە، بە دیفاع لە کارنامەی ئەم ڕژیمە لە «بەهێزکردنی توانای بەرگری و سەربازی ئێران لە بەرامبەر هێرشی ئیمپریالیستی»، پاساو دەدەنەوە. ئەگەر ئێران سەردەمانێک لەژێر دەسەڵاتی ڕژیمی کۆنەپەرستی پاشایەتیی پەهلەویدا ببووە ژاندارمی ئیمپریالیزمی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، ئێستا ئەم نیۆ-تودەییانە شانازی بەوەوە دەکەن کە لەژێر ڕێبەری کۆماری ئیسلامیدا، «ئێران لەنێو میحوەری موقاوەمەتی دژە سهیۆنیستی و دژەئیمپریالیستی»دا جێگەی گرتووە

ئەگەر ڕەوتی ئیسلامی سیاسی بە ڕێبەری خومەینی بە دروشمی "مەرگ بۆ شا" سواری شەپۆلی ڕاپەڕینی جەماوەریی ڕێبەندانی ١٣٥٧ بوو و بە دروشمی "مەرگ بۆ ئەمریکا" و "مەرگ بۆ ئیسرائیل" ئەم شۆڕشەی خەڵتانی خوێن کرد و دواتر هەمان ئەو دروشمانەی کردە بەشێک لە شوناسی سیاسی و ئایدۆلۆژیی خۆی، چەپی میحوەری موقاوەمەتیش کە دژایەتیکردنی ئەمریکای وەک شوناسی سەرەکی خۆی پێناسە کردووە، لەم سۆنگەیەوە ڕەوتە کۆنەپەرستە ئیسلامییەکانی لە چەشنی حەماس و جیهادی ئیسلامی لە فەلەستین، حیزبوڵڵا لە لوبنان، حەشدی شەعبی لە عێراق و هتد... وە هەروەها کۆماری ئیسلامی وەک بنکەی سەرەکی ئیسلامی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوین، نەک وەک بەرەیەکی کۆنەپەرست، بەڵکوو وەک هێزگەلێکی دژەئیمپریالیست و دژی هەژموونی سەرمایەداریی جیهانی دەبینێت. چەپەکانی میحوەری موقاوەمەت بەم ڕوانگە سیاسی و ستراتیژییەوە، نەک تەنیا پاساو بۆ تەواوی سیاسەتە دژەکرێکارییەکان، تاوانەکان، سەرکوتگەرییەکانی کۆماری ئیسلامی و هەموو ڕەهەندە بەرینەکانی بێکاری، هەژاری و نەهامەتی دەهێننەوە کە ئەم ڕژیمە لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیەی ڕابردوودا بەسەر چینی کرێکار و زۆرینەی خەڵکی ئێرانیدا سەپاندووە، بەڵکوو لە زۆر حاڵەتدا بوونەتە بەشێک لە میکانیزمی جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتانە

ڕەوتی چەپی میحوەری موقاوەمەت لە ئێران، دژایەتیکردنی ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمریکا و ئیسرائیلی کردووەتە چەقی سیاسی و چالاکییەکانی خۆی و لەم ڕوانگەیەشەوە بەکردەوە بووەتە پاشکۆی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی و گرووپە کۆنەپەرستە ئیسلامییە هاوپەیمانەکانی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناویندا. لەم ڕوانگەیەوە، خەباتی کرێکاران بۆ زیادکردنی حەقدەست و باشترکردنی هەلومەرجی کار و ژیان و ئازادییە سیاسییەکان، خەباتی بێبەشانی کۆمەڵگا دژی هەژاری و گرانی، خەباتی ژنان دژی سیستەمی ئاپارتایدی ڕەگەزی، خەبات دژی ستەمی نەتەوەیی و هەر دەنگێکی ئازادیخوازانە، دەکرێتە قوربانی بەرژەوەندییەکانی خەبات دژی ئیمپریالیزم و ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنی دەرەکی. لەبەر ئەوەی ئەم ڕەوتە خۆبەچەپزانە، ناکۆکی سەرەکی و بنەڕەتی بە ناکۆکی لەگەڵ ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا و بەتایبەت ئەمریکا دەزانێت، پێی وایە کرێکاران، زەحمەتکێشان و خەڵکی ستەمدیتە و ئازادیخوازی ئێران دەبێت تا کاتێکی نادیار ددان بە جەرگی خۆیاندا بنێن، داواکاری و مافەکانیان هەڵپەسێرن، تاوەکوو چەپی میحوەری موقاوەمەت لە هاوپەیمانێتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا ناکۆکییەکەی لەگەڵ ئیمپریالیزم و هەژموونی جیهانی سەرمایە چارەسەر دەکات. بەم شێوەیەیە کە چەپەکانی میحوەری موقاوەمەت، خەباتی دژەئیمپریالیستی لە ناوەڕۆک و ماهییەتی چینایەتی، کۆمەڵایەتی و ئازادیخوازانەی خۆی خاڵی دەکەنەوە

بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستیی ئێران و ئەو نەوەیە لە چالاکان و ڕێبەرانی بزووتنەوەی کرێکاری کە دەرەنجامە زیانبەخشەکانی سیاسەت و هەڵوێستی کۆنەپەرستانە و دژەشۆڕشگێڕانەی حیزبی تودە و ڕێکخراوی "ئەکسەرییەت"یان لە پشتیوانیکردنی دژەشۆڕشی کۆماری ئیسلامی لە دەیەی یەکەمی پاش ڕاپەڕینی ڕێبەندانی ٥٧ لە یادە، نابێت لە ئاشکراکردنی ماهییەتی سیاسەت و هەڵوێستی چەپەکانی میحوەری موقاوەمەتی هاوچەرخ غافڵ بن. لەو سەردەمەدا، یەکێک لە پاساوەکانی حیزبی تودە لە بەرگریکردن لە ڕەوتی ئیسلامی سیاسی بە ڕێبەری خومەینی ئەوە بوو کە تێکەڵکردنی مەزهەبی شیعە بە دەوڵەت و سیستەمی ولایەتی فەقیه و سیاسەتە دژەژن، سەرکوتگەرانە و دژەدیموکراتیکەکانی،

لە بەراورد لەگەڵ هەڵوێستی "موستەزعەف پەناهی" خومەینی بە مەسەلەیەکی لاوەکی و تێپەڕ دەزانی، و پاساوی دەهێنایەوە کە ئەم ڕواڵەتە موستەزعەف پەناهییە سەرەنجام شوناسی سیاسی حکوومەتی ئیسلامی دیاری دەکات. ئەمە لە کاتێکدایە کە باندە دەسەڵاتدارەکانی هەر ئەم ڕژیمە ئیسلامییە "موستەزعەف پەناهە" لە ماوەی ئەم چەند دەیەیەدا، بە پشتبەستن بە سەروەت و سامانی خەیاڵیی دەرەنجامی ڕانتەکانی دەسەڵات، ژیانێکی ئەفسانەییان بۆ خۆیان پێک هێناوە و لەوپەڕی ناز و نیعمەتدا دەژین. لەژێر ئەم هەلومەرجەدا، دەسەڵات و سەروەتێکی هەرچی زیاتر لە دەستی کەمینەیەکی بچووکی سەرمایەداران، بەرپرسانی حکوومەتی، ئاغازادەکان و سەرکردەکانی سوپای پاسداراندا چڕ بووەتەوە، کەلێنی چینایەتی قووڵتر بووەتەوە و جەماوەرێکی هەرچی زیاتر لە کرێکاران، چەوساوەکان واتە "موستەزعەفەکان" و چینەکانی خوارەوە و تەنانەت ناوەڕاستی کۆمەڵگاش فڕێ دراونەتە نێو ژیانێکی پڕ لە نەهامەتی لە خوار هێڵی هەژارییەوە

یەکێکی دیکە لە پاساوەکانی حیزبی توودە و ڕێکخراوی ئەکسەرییەت لە بەرگریکردن لە خومەینی و حکوومەتی ئیسلامی، لێکدانەوەیەکی تەواو سەرەوژێر و پێچەوانە بوو لە پێگەی خەباتی دژەئیمپریالیستی. لەبەر ئەوەی حیزبی توودە و ئەکسەرییەتییەکان خەبات بۆ ئازادییە دیموکراتیکەکان و دژی سەرکوتگەرییە خوێناوییەکانیان لە بەراورد لەگەڵ خەبات دژی ئیمپریالیزم بە پرسێکی لاوەکی دەزانی، بە توندی سەرسامی دروشمە دژەئەمریکایی و دژەئیمپریالیستییەکانی خومەینی ببوون، تەنانەت بە نرخی سەرکوتی خوێناویی شۆڕشیش؛ و پشتیوانییان لە داگیرکردنی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تاران لەلایەن «خوێندکارانی خەتی ئیمام»ەوە کرد. حیزبی توودە و ئەکسەرییەتییەکان «هەڵوێستی دژەئیمپریالیستیی خومەینی»یان بە هێڵێکی «دیموکراتیک و شۆڕشگێڕانە» ناوزەد دەکرد و لەوەش زیاتر، هەر جۆرە خەباتێکیان دژی حکوومەتی ئیسلامی بە هەنگاوێکی دژەشۆڕشگێڕانە و هاودەستی لەگەڵ ئیمپریالیزمی ئەمریکا دەزانی و تەنانەت ڕەوتە کۆمۆنیستە نەیارەکانی ڕژیمی ئیسلامییان وەک هاودەستی ئاگایانە یان نائاگایانە لەگەڵ ئیمپریالیزم و ستوونی پێنجەمی ئەمریکا پێناسە دەکرد. بێهۆ نەبوو کە لەو سەردەمەدا ئەکسەرییەتییەکان بۆ قووڵکردنەوەی خەباتی دژەئیمپریالیستی و بەرگریکردن لە شۆڕش لە بەرامبەر دژەشۆڕش، دروشمی «دەبێت سوپای پاسداران بە چەکی قورس پڕچەک بکرێت»یان دەدا

ئەگەر لە یادەوەریی نەوەی گەنجی شۆڕشگێڕانی ئێران و تێکۆشەرانی ڕاپەڕین و بزووتنەوە جەماوەرییەکانی هەشت ساڵی ڕابردووی ئێراندا، چەپی میحوەری موقاوەمەت وەک ڕەوتێکی هاوتەریب لەگەڵ حکوومەتی ئیسلامیدا دەناسرێتەوە، ئەوا لە یادەوەریی نەوەی شۆڕشگێڕانی دەیەی یەکەمی دوای ڕاپەڕینی ٥٧دا، هەڵوێست، سیاسەت و کردەوەی دژەشۆڕشگێڕانەی حیزبی توودە و ئەکسەرییەتییەکان زیندوو دەکاتەوە. هەڵبەت بەو جیاوازییەی کە لەو سەردەمە و لە قۆناغی شەڕی سارد و جیهانی دووجەمسەریدا، بەشێک لە بزووتنەوەی چەپی ئێرانیش خۆیان بەناو گرێ دراوی «ئۆردوگای سۆسیالیستی» بە ڕێبەریی یەکێتیی سۆڤیەت دەزانی. هەرچەندە پەیوەندییە زاڵەکانی نێو وڵاتانی «ئۆردوگای سۆسیالیستی» شتێک نەبوو جگە لە سەرمایەداری دەوڵەتی لەژێر دەسەڵاتی حیزب و ڕژیمە سەرکوتگەرەکاندا، بەڵام حیزبی توودە و ئەکسەرییەتییەکان هاودەنگی لەگەڵ دژەشۆڕشی حکوومەتی ئایینییان بە خەباتی دژەئیمپریالیستی و جێگرتن لەم ئۆردوگایە لەنێو جیهانی دووجەمسەریدا پاساو دەدایەوە. بەڵام لە سەردەمی پاش شەڕی سارد و لە سەدەی بیست و یەکەمدا، چەپی میحوەری موقاوەمەت لە ئێران هیچ شەرمێکی لەوە نییە کە بۆ بەرەوپێشبردنی «خەباتی دژەئیمپریالیستی»، لەگەڵ کۆماری ئیسلامی وەک یەکێک لە هارترین ڕژیمە سەرمایەدارییەکانی جیهانی هاوچەرخ و لەگەڵ زلهێزە ئیمپریالیستییەکانی وەک ڕووسیا و چیندا یەکبگرێت و هاوڕێیی بکات

چەپی میحوەری موقاوەمەت بە بەرگریکردنی لە کارنامەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە «بەهێزکردنی توانای بەرگری و سەربازی و گۆڕینی ئێران بۆ جبەخانەی بەرهەمهێنانی درۆن و مووشەک لە بەرامبەر هێرشی ئیمپریالیستیدا»، لە ڕاستیدا پەیوەندیی قووڵی خۆی لەگەڵ شۆڤێنیزم و ناسیۆنالیزمی پاوانخوازی ئێرانی و لە هەمان کاتیشدا دژایەتیی خۆی لەئاست بەرژەوەندییەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە ئێران دەسەلمێنێت

❊❊❊




# به یادی مانگرتنی سیاسی خەڵکی کوردستان لە ٢٣ی گوڵانی ١٣٨٩ لە ناڕەزایەتی دژبە ئێعدامی فەرزاد کەمانگەر و هاوڕێیانی

ڕۆژی ٢٣ی مانگی گوڵان شازدەهەمین ساڵیادی مانگرتنی گشتی خەڵکی کوردستان لە ناڕەزایەتی دژبە ئێعدامی فەرزاد کەمانگەر، شیرین عەلەم هولی، فەرهاد وەکیلی، عەلی حەیدەریان و مێهدی ئیسلامیان بەدەستی ڕژیمی تاوانکاری کۆماری ئیسلامییە. لە سێدارەدانی فەرزاد کەمانگەر و چوار زیندانی سیاسی دیکە لە ڕێکەوتی ١٩ی گوڵان لەگەڵ شەپۆلێکی تووڕەیی و ناڕەزایەتی لە شارەکانی کوردستان بەرەوڕوو بووەوە. خەڵک لە شارەکانی کامیاران، سنە و سەقز دەستبەجێ کاردانەوەیان نیشان دا. دایکی فەرزادی کەمانگەر، لەگەڵ بیستنی هەواڵی ئێعدامی ڕۆڵەکەی، لە شەقامەکانی شاری کامیاران حازر بوو و لەسەر درێژەدانی ڕێگای ڕۆڵە خەباتکارەکەی پێداگریی کرد. تێکۆشەرانی شاری کامیارانیش لەگەڵ بیستنی ئەم هەواڵە دەستبەجێ ڕژانە سەر شەقامەکانی شار و لە ماڵی فەرزاد حازر بوون. ئەوان وێڕای دەربڕینی هاوخەمی لەگەڵ دایکی بوێر و ئەندامانی دیکەی بنەماڵەی ئەم مامۆستا تێکۆشەرە، نەفرەت و بێزاریی خۆیان لەئاست ئەم کردەوە جەنایەتکارانەیەی کۆماری ئیسلامی دەربڕی

بنەماڵەی هەر پێنج چالاکی سیاسی ئێعدامکراو، دەستبەجێ دوای بیستنی ئەم هەواڵە ڕایانگەیاند کە لە ڕێکەوتی ٢٠ی گوڵان لە ناڕەزایەتی دژبە ئێعدامی ڕۆڵەکانیان لە بەرامبەر زانکۆی تاران کۆدەبنەوە. ئەوان بەشێوەیەکی بەرین لە لایەن تێکۆشەران و چالاکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و لایەنە سیاسییەکانەوە پاڵپشتی کران. هێزەکانی پۆلیس بۆ پێشگرتن لەم گردبوونەوەی ناڕەزایەتییە، لە زانکۆی تاران و دەوروبەری جێگیربوون. بنەماڵەکان و خەباتکاران چوونە بەردەم زیندانی ئێڤین و تووڕەیی و بێزاری خۆیان بەرامبەر بەم دەسەڵاتە دژەئینسانە نیشان دا. زیندانیانی سیاسی لە زیندانەکانی ورمێ، ئێڤین و گۆهەر دەشتی کەرەج ڕێزیان لە یادی فەرزاد و چوار زیندانی سیاسییەکەی دیکە گرت. نووسەران و شاعیران تووڕەیی و بێزاری خۆیان لەسەر ئەم تاوانە نووسییەوە. ئێعدامی ئەم پێنج زیندانییە سیاسییە لەئاستی جیهانیدا دەنگی دایەوە. هەندێک لە ڕۆژنامەکان لەوانە گاردیەنی چاپی لەندەن نووسیی: "ئەو ڕژیمەی ڕوودانی بوومەلەرزە بە پۆششی ژنانەوە پەیوەند دەدات، هیچ ئێعتبارێکی نییە بۆ ئەوەی چالاکانی مەدەنی بە دانانی بۆمب پەیوەند بدات"

ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بە مانۆڕی هێزی سەرکوتگەر و بە بەڕێوەبردنی حکوومەتی نیزامییەکی ڕانەگەیەندراو لە شارەکانی کوردستان بەپەلە هەوڵی دا لە هەڵچوونی تووڕەیی خەڵکی خەباتکار ڕێگری بکات. کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە بۆ نیشاندانی عەزم و ئیرادەی یەکگرتووانە و هاوپشتی خەڵکی خەباتکاری کوردستان بەرامبەر بەم جەنایەتە، بانگەشەی بەڕێوەبردنی مانگرتنی گشتی لە ڕۆژی ٢٣ی گوڵان لە سەرتاسەری کوردستان کرد. بانگەوازی کۆمەڵە بۆ مانگرتنی



گشتی لەم ڕۆژەدا، لەلایەن هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانەوە بەشێوەی بەرین پێشتوازی لێکرا و خەڵکی کوردستان لە ئاستی جەماوەریدا وڵامی ئەرێنییان بەم بانگەوازە دایەوە و لە شارەکانی کوردستان مانگرتن بەڕێوەچوو

گرینگترین و سەرەکیترین پەیامی مانگرتنی گشتیی ٢٣ی گوڵانی ١٣٨٩، ئەوە بوو کە خەڵکی کوردستان بۆ جارێکی تر و ئەم جارەش لێبڕاوانە بە گشت کۆماری ئیسلامی و بە سیاسەتی سەرکوتگەرانەی ئەم ڕژیمە و بە زیندان و ئەشکەنجە و ئێعدامی ئینسانەکان بەخاتری بیر و باوەڕ و هەڵبژاردنی سیاسییان، نایەکی گەورەیان وت و تووڕەیی و بێزاری قووڵی خۆیان یەکپارچە و یەکگرتووانە نیشان دا. ئەم مانگرتنە بێجگەلە نیشاندانی یەکگرتوویی و یەکڕیزی خەڵکی تێکۆشەر و نفووزی کۆمۆنیستەکان و ڕێبەریی کۆمەڵە، بۆ هەموو ئازادیخوازان و یەکسانیخوازان لە سەرتاسەری ئێرانیش هەڵگری دوو پەیام بوو. یەکەم ئەوەیکە بزووتنەوەی ئازادیخوازانە و یەکسانیخوزانەی سەرتاسەری ئێران دەتوانێ پشت بە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە و بەهێزی کوردستان ببەستێت و بۆ بەهرەمەندبوون لەم پشتیوانە قایمە، دەبێ بەهێزتری بکات. دووهەم ئەوەیکە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی سەرتاسەری بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی جیا نییە و ئەم بزووتنەوەیە بۆ گەیشتن بە خواستەکانی پێویستی بە حمایەت و پشتیوانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی سەرتاسەری ئێران هەیە

مانگرتنی گشتی کوردستان وەک ڕووداوێکی سیاسی مێژوویی، نەک هەر وەبیرهێنەرەوەی خاڵی وەرچەرخانی مێژوویی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بۆ نەسلی شۆڕشی ٥٧ی هەتاوی بوو و ڕووداوە مێژووییەکانی کۆچی مەریوان، کۆبوونەوەی بەرین و یەک مانگەی شاری سنە و شەڕی ٢٤ ڕۆژەی ئەمشارەیان وەبیردێنێتەوە، بەڵکوو قوتابخانەیەکی فێرکاری بوو بۆ نەوەی گەنجی بەسۆز بۆ پراکتیزەکردنی خۆدەربڕین و نیشاندانی هێزی ڕێکخراو. بۆ ئەوەی خۆیان بۆ خەباتی داهاتوو ڕێکخراوتر و ئامادەتر بکەن. مانگرتنی سەرکەوتووانەی کوردستان، جگە لە پەیام و دەستکەوتە بەنرخەکانی، مۆدێلێکی کاریگەری لە خەبات دژ بە سیاسەتە تاوانکارییەکانی کۆماری ئیسلامی دەستەبەر کرد، کە ئەگەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە ڕادیکاڵەکان بەکاری بهێنن و بە کەڵک وەرگرتن لەم فۆرمەی خەبات تێکۆشانەکانیان پێش بخەن، سەرکەوتنی بەنرخ بەدەست دێنن. مۆدێلی مانگرتنی سیاسی گشتی و سەرتاسەری پێویستە بچێتە ناو کارگە و ناوەندە سەرەکییەکانی کار و بەرهەمهێنان، بۆ خوێندنگە و زانکۆ و ناوەندە خزمەتگوزارییەکان

یەکڕیزی و یەکپارچەیی خەڵکی تێکۆشەری کوردستان و مانگرتنە سیاسییە سەرتاسەریەکەیان، جگە لەو پەیامانەی کە بۆ جەماوەری ئازادیخواز و یەکسانیخواز هەیبوو، بۆ بەکرێگیراوانی مەحەلیش کە سەرشۆڕانەترین ژیانیان هەڵبژاردووە، هەڵگری هۆشدارێکی جیددی بوو! هۆشدارەکە ئەوەیە کە ڕێگای ژیانی شەرافەتمەندانە نەبەستراوە و بەقازانجیانە دەست لە مزدووری هەڵگرن و چارەنووسی خۆیان بە چارەنووسی ڕژیمێکی جەنایەتکارەوە گرێ نەدەن کە خەڵک بڕیاری ڕووخاندنیان داوە. تا درەنگ نەبووە دەست لە وەردکەخۆری و سەرشۆڕی هەڵگرن و ڕێگای ژیانی سەربەرزانە هەڵبژێرن

مانگرتنی گشتی ٢٣ی مانگی گوڵانی ١٣٨٩ بە بانگەوازی کۆمەڵە، هەڵگری ئەم پەیامەش بوو کە ڕەوتی ڕادیکاڵ و سۆسیالیستی و باوەڕی ئەوان کە بەشێوەی بنەڕەتی بیر لە ماف و ئازادی و یەکسانی ئینسان دکەنەوە و لێبڕاوانە بۆ وەدیهاتنی خەبات دەکەن، دەتوانێ بەرینترین جەماوەری بێبەشی کۆمەڵگا بێنێتە مەیدان و وەحەرەکەتی بخات. ئەم پەیامە بەڕوونی ئەوەمان پێ دەڵێ کە بۆ کۆرتکردنەوەی دەستی تاوانکاری کۆماری ئیسلامی لە گیانی کەسانێک کە بە تاوانی عەقیدە و بیروباوەڕیان لە زیندانەکاندا ڕاگیراون، دەبێ ڕێکخراو و یەکگرتوو بێینە مەیدان. دەور و نەخشی ڕێبەری و کاریگەریی ڕەوتی کۆمۆنیستی لەسەر ئەم مانگرتنە چەند ملیۆنییە لە کوردستان، لە هەمان حاڵدا وەبیرهێنەرەوەی ئەم بابەتەش بوو کە وەهم و خۆشباوەڕی دروستکردنی ڕەوتە ناسیۆنالیستەکان لەئاست شەپۆلی سەوزی ڕێفۆرمخوازانی حکوومەتی لە کوردستان کاریگەرییەکی ئەوتۆی نییە. ئەم مانگرتنە بیری هێنایەوە کە چون بەشداری بەربڵاو و بەهێزی ئاراستەی ڕادیکاڵ و سۆسیالیستی دەتوانێ وەهمی ناسیۆنالیستەکان لەئاست ڕیفۆرمخوازانی حکوومەت بەئامانجی بەلاڕێدابردنی خەباتی خەڵکی وەگیانهاتوو، پووچەڵ بکاتەوە

وەڵامی ئەرێنی خەڵک بە بانگەوازی کۆمەڵە، کە هاوڕێیەتیی لایەن و ڕێکخراوە چەپ و کۆمۆنیستەکانی لێکەوتەوە، نیشانی دا کە: جەماوەری خەڵکی ئازادیخواز متمانەی قووڵیان بە کۆمۆنیست و سۆسیالیستەکان هەیە، و ئامادەن لە بانگەوازیان پێشوازی بکەن و ڕێنوێنییەکانیان جێبەجێ بکەن

لێدوان و سەرەنج و بۆچوونی خەڵک نیشانی دا کە هاوکاری و نزیکی ڕەوتە چەپ و سۆسیالیستەکان و کردەوەی هاوبەشی ئەوان چەندە جێگەی دڵگەرمی خەڵک بووە و چەندە لەسەر بڕیاری لێبڕاوانەیان بۆ هاتنە مەیدان کاریگەری بووە

لە ١٦مین ساڵڕۆژی مانگرتنی سیاسی خەڵکی تێکۆشەری کوردستان لە ٢٣ی مانگی گوڵانی ١٣٨٩ی هەتاوی دژبە ئێعدامی جەنایەتکارانەی فەرزادی کەمانگەر و هاوڕێیانی، یادی ئەوان و سەرجەم گیانبەختکردووانی ڕێگای ئازادی و یەکسانی بەرز ڕادەگرین

❊❊❊

# ئینتەرنێتی چینایەتی، ئامرازی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و قووڵکردنەوەی نایەکسانی لە سەرمایەداریی ئیسلامیدا

**پێوەستبوونی تەواو و سەقامگیر و بێهەڵاواردن بە ئینتەرنێتی جیهانییەوە، مافی بنەڕەتیی کرێکاران، زەحمەتکێشان و تەواوی خەڵکی ئێرانە. با بۆ بەرگریکردن لەم مافە بنەڕەتییە و لە دژی ئینتەرنێتی چینایەتی، یەکگرتووانە دەست بدەینە نارەزایەتی و خەبات**

زیاتر لە ٧٠ ڕۆژ بەسەر پچڕانی سەرتاسەری ئینتەرنێت لە ئێراندا تێدەپەڕێت. پچڕانی ئینتەرنێت لە ١٠ی ڕەشەممەی ١٤٠٤ەوە، هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنی هێرشە سەربازییە هاوبەشەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل، بووەتە قەیرانێکی پێکهاتەیی کە دەرهاویشتەکانی سێبەری خستووەتە سەر ژیانی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی کۆمەڵگای ئێران. کۆماری ئیسلامی بە پچڕانی ئینتەرنێت ئێستا لە هەوڵدایە گەڵاڵەیەک کە پێشتر بە ناوەکانی «ئینتەرنێتی سپی»، «سیمکارتی سپی» یان «ئینتەرنێتی تایبەت» دەناسرا، بە ناوگەلێکی نوێترەوە وەک «ئینتەرنێت پرۆ»، «ئینتەرنێتی سەقامگیر» و لە ڕاستیدا «ئینتەرنێتی چینایەتی» هەنگاو بە هەنگاو جێگیر بکات. «ئینتەرنێت پرۆ» خزمەتگوزارییەکە کە پاش سەلماندنی ناسنامە و پەسەندکردنی شیاویی لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێمەوە، دەدرێتە هێندێک لە کاروکاسبییە مۆڵەتدراوەکان و مۆرەکانی حکومەت. بەپێی ئەم گەڵاڵە چینایەتییە، کاربەدەستانی حکومەت، منداڵەکانیان و مۆرە و سیخوڕەکانیان بێوەستان و بێ کێشە بە جیهانەوە دەبەسترێنەوە، بەڵام زۆرینەی خەڵک یان دەبێت لەم مافە بنەڕەتییە واتە دەستڕاگەیشتنی ئازادانە بە زانیارییەکان بێبەش بکرێن، یانیش بۆ چەند ساتێک پێوەستبوون بە ئینتەرنێتەوە، لە ناچاریدا باجێکی قورس و کەرامەتشکێن بدەن

لەم هەلومەرجەدا، بڕینی ئینتەرنێت لە لایەن ڕژێمی ئیسلامییەوە بووەتە ئامرازێک بۆ جیاکاری کۆمەڵایەتی و کۆنترۆڵی سیاسی. دەرئەنجامی ئەم ڕەوتە، بێبەشکردن و سنووردارکردنی دەستڕاگەیشتنی بەشێکی گەورەی کۆمەڵگایە بە ڕەوتی ئازادی زانیارییەکان، لاوازکردنی ئابووری دیجیتاڵ و پەرەسەندنی گۆشەگیریی کۆمەڵایەتییە. وتەکانی سەرۆکی سەندیکای کاروکاسبییە مەجازییەکان سەبارەت بە دابەزینی ٤٠ بۆ ٥٠ لەسەدی فرۆش، دەرکردنی کرێکاران و مایەپووچبوونی بەرفراوانی کاروکاسبییە بچووکەکان، تەنیا بەشێک لە ڕەهەندەکانی ئەم قەیرانە ئاشکرا دەکات؛ لێرەدا ئینتەرنێت لە سەکۆیەکی گەشەی ئابوورییەوە، ماهییەتی خۆی گۆڕیوە بۆ میکانیزمێک بۆ توندترکردنی کەشی سەرکوت و سەپاندنی دیسپلینی سیاسی و کۆمەڵایەتی. بڕین و سنووردارکردنی ئینتەرنێت، لە هەمووان زیاتر قورساییەکەی دەخرێتە سەر شانی چینە بندەستەکان و توێژە زیانپێکەوتووەکانی ئابووریی دیجیتاڵ. فرۆشگاکانی ئۆنلاین، فریلانسەرەکان، شۆفێرانی پلاتفۆرمە ئینتەرنێتییەکان، بەرهەمهێنەرانی ناوەڕۆک و هەزاران کاروکاسبی ورد، گرێدراوی دەستڕاگەیشتنی سەقامگیرن بە

ئینتەرنێتی جیهانی. تێکچوونە بەرفراوانەکان و فیلتەرینگی توند، لە کردەوەدا زنجیرەی بەرهەمهێنان، دابەشکردن و پێوەندی لەگەڵ کڕیارانی پەک خستووە و زۆربەی ئەم کارانەی گەیاندووەتە لێواری لەناوچوون

لەم نێوەندەدا، ئەو گرووپانەی کە نزیکن لە پێکهاتەی دەسەڵات و ئەو کۆمپانیایانەی کە سوودمەندن لە ئیمتیازە تایبەتەکانی حکومەت، هێشتا دەستیان بە ئامرازەکان و ژێرخانەکانی پێوەندیگرتن دەگات. دەرەنجامەکەی، دروستبوونی جۆرێک لە قۆرخکاریی دیجیتاڵییە کە تێیدا کێبڕکێی ئازاد جێگەی خۆی دەداتە تۆڕێک لە ئیمتیازاتی ئەمنی و سیاسی. ئەم ڕەوتە، درزی چینایەتی قووڵتر کردووەتەوە و بەشێکی گەورە لە هێزی کاری دیجیتاڵی لەگەڵ بێکاری، کەمبوونەوەی داهات و نائارامیی بژێوی بەرەوڕوو کردووەتەوە. گەڵاڵەی ئینتەرنێتی چینایەتی، دەستڕاگەیشتنی ئازاد بە ئینتەرنێتی جیهانی دەکاتە ئیمتیازێکی سنووردار بۆ گرووپە تایبەتەکان؛ ئەو گرووپانەی کە لەژێر ناوی «پیشەیی»، «پسپۆڕانە» یان «پەسەندکراو»ی دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێم دەناسرێن و توانای وەرگرتنی ئینتەرنێتی بێسنووریان هەیە. لە بەرانبەردا، زۆرینەی کۆمەڵگا ناچارن ئینتەرنێتێکی سنووردار، فیلتەرکراو و کۆنترۆڵکراو بەکار بهێنن. ئەم هەڵاواردنە، جۆرێکە لە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای نایەکسانی لە دەستڕاگەیشتن بە زانست، زانیاری و دەرفەتە ئابوورییەکان. لە جیهانی ئەمڕۆدا، ئینتەرنێت تەنیا ئامرازی پێوەندیگرتن نییە، تەنیا بەشێک نییە لە مافە بنەڕەتییەکانی خەڵک بۆ دەستڕاگەیشتن بە زانیاری، بەڵکوو ژێرخانی پەروەردە، کار، بازرگانی، لێکۆڵینەوە و بەشداریکردنی کۆمەڵایەتییە. سنووردارکردنی، لە کردەوەدا بە واتای پێشێلکردنی ئەم مافە بنەڕەتییە و بەرتەسککردنەوەی دەرفەتی گەشەکردن و بەشداریکردنی بەشێکی زۆری کۆمەڵگایە. ئابووری دیجیتاڵ لە کرۆکیدا گرێدراوی پێوەندی جیهانییە. کاروکاسبییەکان بۆ گەشەپێدانی بازاڕ، ڕاکێشانی کڕیار، هاوکاری نێودەوڵەتی و دەستڕاگەیشتن بە تەکنۆلۆژیا، پێویستیان بە ئینتەرنێتی جیهانییە. سنووردارکردنی دەستڕاگەیشتن بە ئینتەرنێت، لە ڕاستیدا یەکێک لە ژێرخانە ئابوورییەکان دەداتە بەر زەبری خۆی. لەم هەلومەرجەدا، تەنیا ئەو دامەزراوانە دەمێننەوە کە بەهۆی نزیکییان لە دەسەڵاتی سیاسییەوە، توانای تێپەڕینیان لەو کۆتوبەندانە هەیە

ئەزموونی ساڵانی ڕابردووش نیشانی داوە کە کۆتوبەندە ئینتەرنێتییەکان بەگشتی بە بیانووی بارودۆخی قەیراناوییەوە دەست پێدەکەن، بەڵام پاش کۆتاییهاتنی قەیرانەکەش بەردەوام دەبن. ئەم دۆخە، ئینتەرنێتی لە ژێرخانێکی گشتییەوە گۆڕیوە بۆ ئامرازێکی هەمیشەیی بۆ کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی.

دەرهاویشتەی سنووردارکردنی ئینتەرنێت تەنیا ئابووری نییە. لە قۆناغەکانی نارەزایەتی و ئاڵۆزییە سیاسییەکاندا، بڕینی پێوەندییەکان ڕۆڵێکی گرنگی لە سەرکوتدا گێڕاوە. کاتێک دەستڕاگەیشتن بە ئینتەرنێت پەک دەخرێت، دەرفەتی بڵاوکردنەوەی هەواڵ، وێنە و گێڕانەوە سەربەخۆکانیش لەناو دەچێت. لە وەها کەشێکدا، دەستبەسەرکردنەکان، توندوتیژییە سەرشەقامەکان و لەسێدارەدانەکان لە بێدەنگیی میدیاییدا ڕوو دەدەن و کۆمەڵگا لە دەستڕاگەیشتن بە زانیارییە سەربەخۆکان بێبەش دەکرێت. لە ساڵانی دواییدا، ئەزموونی ڕاپەڕینە سەرتاسەرییەکان نیشانی داوە کە هەر شەپۆلێکی نوێی سەرکوت، هاوکات بووە لەگەڵ بڕین یان سنووردارکردنی توندی ئینتەرنێت. پاش ڕاپەڕینەکانی خەزەڵوەری ١٣٩٨، لێبوردنی نێودەوڵەتی ڕایگەیاند کە بڕینی ئینتەرنێت یارمەتیدەر بووە بۆ شاراوەمانەوەی کوشتاری زیاتر لە ٣٠٠ کەس. لە بەفرانباری ١٤٠٤یشدا، هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی نارەزایەتییەکان و بەتایبەتی لە ڕۆژەکانی ١٨ و ١٩ی بەفرانباردا، ڕژێمی ئیسلامی ئینتەرنێتی بەتەواوی بڕی تاوەکوو ڕەهەندە سامناکەکانی کۆمەڵکوژیی خۆپیشاندەران بشارێتەوە

هەروەها بڕینی ئینتەرنێت، دەرفەتی خۆڕێکخستنی کۆمەڵایەتی، پێوەندیگرتنی نێوان نارازییان، چالاکی میدیا سەربەخۆکان و تەنانەت هەواڵپرسینی خێزانیش پەک دەخات. ئەم گۆشەگیرییە، هەستی بێپەنایی و ترس لە کۆمەڵگادا بڵاو دەکاتەوە و تێچووی نارەزایەتی و چالاکڤانی بەرز دەکاتەوە. حکومەت بە کۆنترۆڵکردنی ڕەوتی زانیارییەکان، هەوڵ دەدات گوتاری فەرمیی(حکومەتی) بکاتە تاکە گوتاری بەردەست. بەڵام لە هەمان کاتدا، هەر ئەم سیاسەتانە کەلێنی نێوان کۆمەڵگا و پێکهاتەی دەسەڵاتیان قووڵتر کردووەتەوە و قەیرانی ڕەوایی سیاسی ڕژێمی کۆماری ئیسلامییان توندتر کردووەتەوە

دەستڕاگەیشتنی گشتی بە ئینتەرنێت، ئەمڕۆ زیاتر لە جاران بووەتە پرسێکی گرێدراو بە مافە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکان و ئازادی ڕادەربڕین. بێبەشکردنی زۆرینەی خەڵک لە ئینتەرنێتی ئازاد، بە واتای خنکاندنیان و سڕینەوەیانە لە دەرفەتە پەروەردەیی، ئابووری و سیاسییەکان. پێوەستبوونی تەواو و سەقامگیر و بێهەڵاواردن بە ئینتەرنێتی جیهانییەوە، مافی بنەڕەتیی کرێکاران، زەحمەتکێشان و سەرجەم خەڵکی ئێرانە. با بۆ بەرگریکردن لەم مافە بنەڕەتییە و لە دژی ئینتەرنێتی چینایەتی، یەکگرتووانە دەست بدەینە نارەزایەتی و خەبات. کرێکاران، زەحمەتکێشان و جەماوەری ستەمدیدەی ئێران، ئەم سیاسەتە چینایەتی و قێزەونە تێکدەشکێنن و بە چۆکیدا دەهێنن

***



# قەیرانی بێکاری و تەشەنەسەندنی هەژاری لە ئێران؛ ڕوخساری بێپەردەی سەرمایەداریی جەنگلێدراو

هەڵکشانی بێسنووری هەڵاوسان، داڕمانی توانای کڕین، داخرانی کارخانەکان و شەپۆلی بەربڵاوی بێکارکردنی کرێکاران، کۆمەڵگەی ئێرانی خستووەتە قۆناغێکی نوێی قەیرانی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە. ئەوەی ئەمڕۆ لە ئێراندا دەگوزەرێت، تەنیا چەقبەستوویەکی کاتی یان دەرئەنجامێکی سنوورداری جەنگ نییە، بەڵکوو ئاکامی قەیرانی پێکهاتەیی سەرمایەداری، ڕانتخۆری، گەمارۆ نێودەوڵەتییەکان و ئەو گەندەڵییە سیستماتیکەیە کە لەنێو پێکهاتەی سیاسی حکوومەتی ئیسلامیدا ڕەگ و ڕیشەی داکوتاوە. ئێستا ملیۆنان کرێکاری لەسەرکار و بێکار، دەستفرۆش، کارمەند و هێزی کاری کەرتی نافەرمی، باجی ئەم قەیرانە دەدەن. بەپێی ئامارە فەرمییەکان، ڕێژەی هەڵاوسانی ساڵانە لە خاکەلێوەی ١٤٠٥دا تەنانەت لە سەدا ٥٨یش تێپەڕیوە. لە هەمان کاتدا، نرخی خۆراک بەراورد بە ساڵی ڕابردوو زیاتر لە سەدا سەد بەرز بووەتەوە، واتە دوو هێندە زیادی کردووە. واتای ڕاستەقینەی ئەم ئامارانە بۆ چینی کرێکار، هیچ نییە جگە لە پەرەسەندنی برسێتی، سڕینەوەی قۆناغ بە قۆناغی کاڵا بنەڕەتییەکان لەسەر سفرەکان و کەوتنەخوارەوەی ملیۆنان مرۆڤ بۆ ژێر هێڵی هەژاری ڕەها. ئابووریی ئێران پێش جەنگیش گیرۆدەی "داتەپین و هەڵاوسان" (رکود تورمی) بوو؛ واتە دابەزینی گەشەی ئابووری هاوکات لەگەڵ تەشەنەسەندنی بێکاری و بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەڵاوسان. بەڵام هێرشە سەربازییەکان و پچڕانی ڕێڕەوە بازرگانییەکان، ڕەوتی داڕمانی ئابوورییان خێراتر کردووە

لە لۆژیکی سەرمایەداریدا، یەکەمین کاردانەوەی خاوەن سەرمایەکان لە کاتی قەیراندا، گواستنەوەی تێچووەکانە بۆ سەرشانی هێزی کار. هەر لەبەر ئەمەش، کرێکاران بوونە یەکەمین قوربانی قەیرانی هەنووکەیی. بێکارکردنی بەکۆمەڵ، هەڵپەساردنی گرێبەستەکان، دابەزینی حەقدەستی ڕاستەقینە و داخرانی کارخانەکان، ئێستا بووەتە دیاردەیەکی گشتگیر. بەپێی ئەو داتایانەی لەلایەن بەرپرسانی فەرمی و دامەزراوە کرێکارییەکانەوە بڵاو کراونەتەوە، لە ماوەی جەنگدا زیاتر لە دوو ملیۆن هەلی کار لەناو چوون. ئەمە لە کاتێکدایە کە ئامارە فەرمییەکان لە بنەڕەتدا بەشێکی گەورەی بێکارانی شاراوە و هێزی کاری نافەرمی هەژمار ناکەن. بەرزبوونەوەی سەدا ٥٠ی خواست بۆ دۆزینەوەی کار لە پلاتفۆرمەکانی کاردۆزینەوەدا تەنیا لە یەک ڕۆژدا، نیشاندەری قووڵیی دڵەڕاوکێی کۆمەڵایەتی و داڕمانی ئاسایشی کارە. کۆمەڵگەیەک کە تیایدا سەدان هەزار کەس لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا بۆ بیمەی بێکاری ناویان تۆمار دەکەن، پێی ناوەتە قۆناغێک لە قەیران کە دەتوانێت لێکەوتەی قووڵی کۆمەڵایەتی لێ بکەوێتەوە. پیشەسازییە گەورەکان کە بە کۆڵەکەی سەرەکی هەلی کاری پیشەسازی دادەنرێن، لە مانگەکانی دواییدا ڕووبەڕووی پچڕان و قەیرانی جدی بوونەتەوە. پۆڵا، پترۆکیمیایی، ئۆتۆمبێلسازی

و پارچەسازی، یان بوونەتە نیوەداخراو یان بە کەمترین توانای خۆیانەوە کار دەکەن. بەرتەسکبوونەوەی هاوردەکردن، تێکچوونی ئاڵوگۆڕە بانکییەکان و پچڕانی پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ وڵاتانی نێوەندگیر، زۆربەی هێڵەکانی بەرهەمهێنانی ڕاگرتووە. بەڵام قەیرانەکە تەنیا لە پیشەسازییە گەورەکاندا قەتیس نەماوە. هەزاران یەکەی بچووک و مامناوەندیش لە دەرئەنجامی بەرزبوونەوەی تێچووی بەرهەمهێنان، کەمبوونی کەرەستەی خاو و دابەزینی خواستی بەکاربردن، داخراون. مەزەندە دەکرێت زیاتر لە ٢٣ هەزار یەکەی بەرهەمهێنان و بازرگانی زیانلێکەوتوو، چالاکییەکانیان ڕاگرتبێت. لەم هەلومەرجەدا، پاکێجە پاڵپشتییەکانی حکوومەت زۆربەیان لێخۆشبوونی باج و ئاسانکاری قەرز بۆ خاوەنکارەکان لەخۆ دەگرن، لە کاتێکدا کرێکارانی بێکار بە مووچەیەکی کەم و نالەبارەوە بە حاڵی خۆیان ڕەها کراون. یەکێکی تر لە ڕەهەندەکانی قەیرانی ئێستا، ئەو گورزە قورسەیە کە بەر ئابووریی دیجیتاڵ و کۆمپانیا ستارتئاپەکان کەوتووە. پچڕانی درێژخایەنی ئینتەرنێت و بەرتەسککردنەوەی بەربڵاوی پەیوەندییەکان، زۆربەی کاروکەسابەتە ئۆنلاینەکانی بەکردەوە لەناوبردووە

لە دەیەی ڕابردوودا بەشێک لە هێزی کاری خوێندەوار و گەنج بەرەو ستارتئاپەکان، بەرهەمهێنانی ناوەڕۆک، پرۆگرامسازی، فرۆشی ئۆنلاین و خزمەتگوزارییە دیجیتاڵییەکان هەنگاویان نابوو. ئەم کەرتەش کە هەر لە چوارچێوەی پەیوەندییە سەرمایەدارییەکاندا کاری دەکرد؛ ئەو پەیوەندییانەی کە لە کاتی قەیراندا بەبێ هیچ چاوپۆشییەک هێزی کار دەکەنە قوربانیی پاراستنی قازانج، بە سەختی کەوتووەتە ژێر گوشاری ئەم قەیرانەوە. ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن کە هەندێک لە کۆمپانیاکانی تەکنۆلۆژیا لە سەدا ٤٠ بۆ ٦٠ی هێزی کاری خۆیان دەرکردووە

لە سیستمی سەرمایەداری ئیسلامیدا، گەشەپێدان هەمیشە لاسەنگ و نایەکسان بووە. بەشێکی گەورەی سەرمایە و ئیمکانات لە چەند ناوەندێکی سنوورداردا کەڵەکە بووە و ناوچە پەراوێزخراوەکان زۆربەیان خراونەتە لاوە. پارێزگاکانی ڕۆژئاوا و هەندێک لە ناوچە پیشەسازییەکان زۆرترین گوشاریان لەسەرە. پارێزگاکانی سیستان و بەلووچستان، کرماشان، کوردستان، خوزستان و لوڕستان هێشتا لە ڕیزی پێشەوەی ئامارەکانی بێکاریدان. ئەم ناوچانە پێش جەنگیش لەگەڵ هەژاری پێکهاتەیی، کەمیی وەبەرهێنان و گەشەپێدانی لاسەنگدا بەرەوڕوو بوون. لە دەرئەنجامدا، هەر قەیرانێکی ئابووری سەرەتا و سەختتر لە هەموو شوێنێک، قورساییەکەی دەکەوێتە سەر شانی پارێزگا بێبەشکراوەکان. لەلایەکی دیکەوە، دابەزینی ڕێژەی بەشداریکردنی ئابووری لە هەندێک پارێزگادا، دیاردەی نائومێدیی کۆمەڵایەتی لێ کەوتووەتەوە. زۆرێک لە خەڵک ئیتر تەنانەت هیوایەکیان بە دۆزینەوەی کار نەماوە و بەکردەوە لە بازاڕی کار چوونەتە دەرەوە. ئەم دۆخە پەرە بە کۆچکردن، کاری نافەرمی، دیاردەی منداڵانی کار و زیانە کۆمەڵایەتییەکان دەدات

ڕژێم هەوڵ دەدات ڕەگ و ڕیشەی قەیرانەکە تەنیا گرێ بداتەوە بە جەنگ یان گەمارۆکانەوە، لە کاتێکدا گەشەی بێسنوری کەرتی تایبەت، گەندەڵیی ڕێکخراو، سیاسەتەکانی ڕیازەتی ئابووری و کەمکردنی حەقدەستەکان، ڕۆڵی یەکلاکەرەوەیان هەبووە لە دروستبوونی دۆخی ئێستادا. لانی کەمی حەقدەستی کرێکاران، ساڵانێکە کەلێنێکی گەورەی لەگەڵ تێچووی ڕاستەقینەی ژیاندا هەیە. ئێستا بە هەڵاوسانی سەرووی ٥٨ لەسەدەوە، ملیۆنان خێزانی کرێکاری تەنانەت توانای دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی خۆشیان لەدەست داوە. ئاکامی ئەم ڕەوتە، تەشەنەسەندنی هەژاری، بەدخۆراکی، قەرزداری و داڕمانی کۆمەڵایەتییە. سەرمایەداری ئیسلامی ئیتر توانای ئەوەی نەماوە لانی کەمی سەقامگیری بژێوی بۆ زۆرینەی کۆمەڵگا دابین بکات. لەم هەلومەرجەدا، ناکۆکیی نێوان کار و سەرمایە لە هەر کاتێکی دیکە ئاشکراتر بووە

حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەداران، خاوەنکاران و خاوەن پیشەسازییەکان تێدەکۆشن باجی قەیرانەکە لە ڕێگەی بێکارکردنی بەکۆمەڵ، دابەزاندنی حەقدەستی ڕاستەقینە و سڕینەوەی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکانەوە، بخەنە سەر شانی چینی کرێکار. لە بەرامبەردا، تەنیا ڕێگەی بەرەنگاربوونەوەی ئەم ڕەوتە، پەرەپێدانی ناڕەزایەتییەکان و مانگرتنە کرێکارییەکان، خۆڕێکخستنی سەربەخۆی کرێکاران لەسەر بەستێنی ئەم ناڕەزایەتییانە، هەنگاونان بەرەو پێکهێنانی ڕێکخراوە جەماوەری و چینایەتییەکانی کرێکاران، هۆشیاربوونەوە لەئاست زەروورەتی نەک هەر ڕووخاندنی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی، بەڵکوو ژێروژوور کردنی سیستمی سەرمایەداری، گرێدانی خەباتی ئابووری کرێکاران بە خەباتی سیاسی و یەکگرتنی بزووتنەوەی کرێکارییە لەگەڵ بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە. کرێکاران تەنیا بە هەنگاونان لەم ڕێگەیە و بە پەرەپێدانی ناڕەزایەتی و مانگرتنە کرێکارییەکانە کە دەتوانن لە بەرامبەر پەلاماری سەرمایەداران و دەوڵەتی پشتیوانیان، سەنگەربەندی بکەن

❊❊❊



# کرێکاران و جەماوەری خەڵکی ئێران و ناوچەکە لەژێر سێبەری شەڕێکی کۆنەپەرستانەدا

# با دەرس لە ئەزموونی شەڕی دوازدە ڕۆژە و شەڕی چل ڕۆژە وەربگرین

ڕۆژی یەکشەممە ٢٠ی گوڵان، ئاژانسی هەواڵی فەرمی کۆماری ئیسلامی "ئیرنا" ڕایگەیاند کە کۆماری ئیسلامی وەڵامی فەرمی خۆی بە دوایین دەقی پێشنیارکراوی دەوڵەتی ئەمریکا سەبارەت بە کۆتاییهێنان بە شەڕ، لە ڕێگەی دەوڵەتی پاکستانەوە بە ئەمریکا داوە. وەڵامی کۆماری ئیسلامی بە دەقە ١٤ خاڵییەکەی ئەمریکا بە چەند ڕۆژ دواکەوتنەوە نێردرا. ترامپ لە کاردانەوە بە وەڵامی ڕژێمی ئیسلامی بە شێوەیەکی هەڕەشەئامێزەوە ڕایگەیاند کە جێگەی قبووڵ نییە. بەپێی ڕاپۆرتی کەناڵی تەلەفزیۆنی "ئەلمەیادین"ی سەر بە حیزبوڵڵای لوبنان، وەڵامەکەی کۆماری ئیسلامی زیاتر داواکارییەکانی کۆماری ئیسلامی لەخۆ دەگرێت. لەوانە: کۆتاییهێنانی دەستبەجێ بە شەڕ، پێدانی زەمانەت بۆ بەردەوامیی ئاگربەست، هەڵوەشاندنەوەی گەمارۆکان، ئازادکردنی سەرمایە بلۆکەکراوەکانی کۆماری ئیسلامی، کۆتاییهێنان بە گەمارۆی دەریایی گەرووی هورمز لەلایەن ئەمریکاوە و ئازادی هەناردەکردنی نەوتی ئێران. هەڵبەت سەدا و سیمای کۆماری ئیسلامیش بە مەسەلەی قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی شەڕ لەلایەن ئەمریکاوە و سەلماندنی سەروەری کۆماری ئیسلامی بەسەر گەرووی هورمزدا لە وەڵامەکەی بۆ ئەمریکا، ئاماژەی کردووە

لە لایەکی دیکەوە، ڕۆژنامەی واڵ ستریت جۆرناڵ ڕایگەیاند کە کۆماری ئیسلامی پێشنیاری هەڵوەشاندنەوەی بەرنامە ناوکییەکەی خۆی ڕەتکردووەتەوە و تەنیا بە هەڵپەساردنی مەرجداری پیتاندنی یۆرانیۆم ڕازی بووە، لە بەرامبەردا پێشنیاری کردووە کە ئامادەیە "بەشێک لە یۆرانیۆمە زۆر پیتێنراوەکە ڕێژەی کەم بکاتەوە و ئەوەی دەمێنێتەوە بیگوازێتەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جگە لە ئەمریکا". وەڵامی کۆماری ئیسلامی بە پێشنیارەکەی ئەمریکا لە کاتێکدایە کە لە ڕۆژانی ڕابردوودا سەرەڕای بوونی ئاگربەست، هێرش و تێکهەڵچوونە سەربازییەکان لە ناوچەکەدا کەم تا زۆر بەردەوام بوون؛ لەوانە هێرشکردنە سەر کەشتییەکی بارهەڵگر لە ئاوەکانی قەتەر لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە، هەروەها هێرشی مووشەکی و درۆنی بۆ سەر ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی و کووەیت کراوە و کۆماری ئیسلامیش هەڕەشەی کردووە ئەگەر هێرش بکرێتە سەر کەشتییە بازرگانییەکانی، ئەوا هێرش دەکاتە سەر بنکە و ناوەندەکانی ئەمریکا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

پەرەسەندنی ئەم گرژییانە لە کاتێکدایە کە لە ڕۆژانی ڕابردوودا چەندین جار لەلایەن ترامپ و سەرچاوەکانی دیکەوە باس لە دروستبوونی جۆرێک لە لێکتێگەیشتنی سەرەتایی لە نێوان ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە ڕاگرتنی شەڕ

و دەستپێکردنی دانوستانێکی ٣٠ ڕۆژە لەسەر بەرنامەی ناوکی و لابردنی گەمارۆکان و دۆخی گەرووی هورمز و کۆتاییهێنان بە تێکهەڵچوونەکان کراوە. پەلەکردنی ترامپ بۆ وەرگرتنی وەڵامی کۆماری ئیسلامی بۆ گەڵاڵە پێشنیارکراوەکەی ئەمریکا، پەیوەندی بە دیدارەکەی لەگەڵ "شی جین پینگ" ڕێبەری چین لەم هەفتەیەدا هەبوو. وەڵامی کۆماری ئیسلامی و پێداگری لەسەر ئەو هەڵوێستانەی کە باس کران لەلایەن ناوەندی سەرکردایەتی سوپای پاسدارانەوە کە بڕیاردەری سەرەکییە لە پرسە ستراتیژییەکاندا، لە کاتێکدایە کە مەترسی



دەستپێکردنەوەی شەڕ و هێرشە سەربازییەکان باڵی بەسەر ئێران و ناوچەکەدا کێشاوە. لە لایەک ترامپ و بەرپرسانی دیکەی ئەمریکا بە هەڕەشەکردن، بژاردەی سەربازی و دەستپێکردنەوەی بۆردومانەکان وەبیر دەهێننەوە، و لە لایەکی دیکەشەوە ناتانیاهۆ ڕۆژی یەکشەممە ٢٠ی گوڵان، جارێکی دیکە بە کوتانی دەهۆڵی شەڕ ڕایگەیاند کە شەڕ دژی کۆماری ئیسلامی کۆتایی نەهاتووە. ئەو، کۆتاییهێنان بە شەڕ لەگەڵ ڕژێمی ئیسلامی بەستەوە بە هەڵوەشاندنەوەی دامەزراوەکانی پیتاندنی کۆماری ئیسلامی و بردنەدەرەوەی یۆرانیۆمی پیتێنراو لە ئێران

هەڕەشەکانی سوپای پاسداران و پێداگری لەسەر ئەو مەرجانەی کە لەگەڵ هاوسەنگی هێزی ڕاستەقینە لە گۆڕەپانی شەڕدا یەکناگرێتەوە، لە کاتێکدایە کە دۆخی کارەساتباری ئابووری لە ئێران ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو خراپتربوون دەچێت و کرێکاران و زۆرینەی خەڵکی ئێران لەگەڵ پەرەسەندنی بێکاری و هەژاری و گرانییەکی بێپێشینەدا دەستەویەخەن. کارەساتی بێکاری، هەڵاوسانی سێ ڕەقەمی، گرانی و دابەزینی بەردەوامی بەهای ڕیاڵ، زۆرێک لە ماددە خۆراکییەکان تەنانەت شیرەمەنی و دانەوێڵەکانی لە سفرەی کرێکاران و توێژە کەمدەرامەتەکانی دیکە سڕیوەتەوە. حکومەتی ئیسلامی و سوپای پاسداران کە گەندەڵی و دزی و ڕانتخۆری لە پێکهاتەکەیاندا ڕەگی داکوتاوە، بە بیانووی بەڕێوەبردنی شەڕ لەگەڵ دوژمنی دەرەکی، هەموو ئیمکاناتێکی دارایی و خزمەتگوزارییان بۆ ئامادەکاری جەنگی و کڕینی چەکوتەقەمەنی قۆرخ کردووە و خستوویانەتە خزمەت خۆیانەوە. لە وەها دۆخێکدا، بەردەوامی لەسێدارەدانی زیندانیانی سیاسی، توندترکردنەوەی کەشوهەوای سەرکوت و هەڕەشەی ئاشکرای دامودەزگاکانی سەرکوت بۆ کپکردنی هەر دەنگێکی ناڕەزایەتی دژی بەردەوامی شەڕ و هەژاری و برسیەتی، لوتکەی ترس و دڵەڕاوکێی ڕژێمی ئیسلامی لە ئەگەری تەقینەوەیەکی کۆمەڵایەتی نیشان دەدات

لەو هەلومەرجەدا، دەوڵەتی کارگێڕ و پاشکۆی پزیشکیان لە پێناو پشتیوانیکردن لە سیاسەتی شەڕخوازانەی حکوومەتی ئیسلامی، ڕۆژی یەکشەممە ٢٠ی گوڵان، داوای لە خەڵک کرد کە خۆڕاگری و سیاسەتی ڕیازەتی ئابووری زیاتر قبووڵ بکەن و گوتی: «دەبێ خەڵک واقیعبین بن و دۆخی وڵات و بەربەستە هەنووکەییەکان لەبەرچاو بگرن. ئارامگرتن و خۆڕاگری و مانەوە لە مەیداندا، جیهادی ئەکبەرە و لە شەهیدبوون سەختترە». بەڵام ئەگەر بۆ سەران و فەرماندەکانی حکوومەتی ئیسلامی و پزیشکیان و کاربەدەستانی دەوڵەت و دامەزراوە و ڕێکخراوە مفتەخۆرەکانی ڕووحانییەت، پروپاگەندەی خورافی و چەواشەکارانەی «جیهادی ئەکبەر و نۆشینی شەربەتی شەهادەت و بەرگریکردن لە حکوومەتی پیرۆزی ئیسلامی» فریوێکە بۆ بەردەوامی گەندەڵی و دزی و ڕانتخۆری، ئەوا بۆ کرێکاران و توێژە هەژارەکانی دیکەی ئێران کە لەژێر باری قورسی هەژاری و بێبەشی ئابووریدا پشتیان چەماوەتەوە، هیچ سەبر و تەحەموڵێکی نەهێشتووەتەوە

لە وەها بارودۆخێکدا، ئەوەی بۆ بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە خاوەنی گرنگییەکی چارەنووسسازە، هۆشیاربوونەوەیە بەم زەروورەتەی کە ئەمجارە بە دەرس وەرگرتن لە ئەزموونی شەڕ و بە دەرس وەرگرتن لە ئەزموونەکانی ڕاپەڕینە سەرتاسەرییەکانی هەشت ساڵی ڕابردوو، هۆشیارانەتر و ڕێکخراوتر لە جاران، خەبات دژی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی درێژە پێ بدەن و پەرەی پێ بدەن. بەپێچەوانەی ستراتیژی پاشایەتیخوازە فاشیستەکان و هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی، شەڕی دوازدە ڕۆژە و شەڕی چل ڕۆژە سەلماندیان کە خەون و خەیاڵی گەیشتن بە ئازادی و خۆشگوزەرانی و سەقامگیری لە ڕێگەی دەستتێوەردان و پەلامارە سەربازییەکانی زلهێزە ئیمپریالیستییەکانەوە تا چ ڕادەیەک بۆ بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران زیانبەخش و کوشندەیە. ئەزموونی ڕاپەڕینە سەرتاسەرییەکانی هەشت ساڵی ڕابردوو و نیوەگیانکردنی کۆماری ئیسلامی، لە هەمان کاتدا کە نیشانی دا ڕزگاربوونی کرێکاران و جەماوەری خەڵکی ئێران لە چنگی ئەم ڕژێمە تەنیا بە دەستی خۆیان مسۆگەر دەبێت، ئەم ڕاستییەشی وەبیر هێنایەوە کە حکوومەتی ئیسلامی بەو پێکهاتەیەی کە هەیەتی، بە ناڕەزایەتییە خۆڕسکەکانی سەر شەقام و سەرهەڵدانە بێڕێکخراوەکان ناڕووخێت، بەڵکوو دەبێت پێداویستییەکانی ڕووخاندنی، بە واتای خۆڕێکخستن، پێکهێنانی ڕێبەرییەکی سەرتاسەری و بڵاوکردنەوەی وێنایەکی ڕوون لە واتای سەرکەوتن، دابین بکرێت. ئەم ئەزموونانە، وەک سەرجەم ئەزموونەکانی سەدەی بیستەم و سەدەی بیستویەکەم، بۆ جارێکی دیکە ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی بەشداریی ڕێکخراوی چینی کرێکار و بزووتنەوەی سۆسیالیستیی ئەم چینە لە گۆڕەپانی سیاسیی کۆمەڵگا و گرنگی گرێدانی "کارخانە و شەقام"ی بۆ خولقاندنی هەر جۆرە گۆڕانکارییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی، پشتڕاست کردەوە

***

# پەرەسەندنی گرژییەکان لەسەر بەستێنی بەردەوامی شەڕانگێزییەکانی ئەمریکا و کۆماری ئیسلامیدا

ئاگربەستی ١٥ ڕۆژەی نێوان دەوڵەتانی ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی، لەسەر داوای پاکستان و لە لایەن ترامپەوە، لە ڕۆژی دووی گوڵانی ١٤٠٥ بەبێ دیاریکردنی خشتەیەکی کاتی درێژکرایەوە. لەم ماوەیەدا هەردوو لایەنی شەڕەکە بە پروپاگەندە و شەڕەقسەی هاندەرانە، خۆیان بە براوەی شەڕ و باڵادەستی گەرووی هورمز دەناسێنن، بۆ درێژەدان بە باڵادەستی خۆیان بەسەر ئەو ناوچەیەدا خەتونیشان دەکێشن و گرژییەکانیان پەرە پێداوە. لە هەمان کاتدا دانوستانە ناڕاستەوخۆکانی نێوانیان بە نێوەندگیری دەوڵەتی پاکستان بەردەوام بووە و ئەمریکا مەرجە ١٤ خاڵییەکانی خۆی بە کۆماری ئیسلامی ڕاگەیاندووە. ڕژێمی کۆماری ئیسلامیش ڕۆژی یەکشەممە ٢٠ی گوڵان وەڵامی مەرجەکانی ئەمریکای داوەتەوە. هێشتا سەبارەت بە ناوەڕۆکی وەڵامەکەی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی هیچ ڕاپۆرتێکی ورد بڵاو نەکراوەتەوە، بەڵام دۆناڵد ترامپ وەڵامەکەی حکومەتی ئیسلامی بە " قبووڵنەکراو" وەسف کردووە. هەموو ئەمانە لە هەلومەرجێکدان کە زۆرینەی کرێکاران و جەماوەری خەڵکی ئێران، کە لەژێر باری قورسی هەلومەرجی شەڕدا ئاسایش و کار و ژیانیان کەوتووەتە مەترسییەوە، لە درێژەکێشانی ئەم دۆخە وەزاڵە هاتوون و خوازیاری کۆتاییهاتنی یەکجاری شەڕن

لە ڕەوتی پەرەسەندنی ئەم گرژییانەدا، ئێوارەی پێنجشەممە ١٧ی گوڵانی ١٤٠٥، لە بەندەرعەبباس، لەنگەرگەی بەهمەنی دوورگەی قشم، میناب و گەڕەکگەلێک لە ڕۆژئاوای تاران لەوانە چیتگەر، ئێکباتان، شەهران، گۆڕەپانی ئۆلۆمپیک، ئیسلامشار و دەوروبەری مەیدانی ئازادی و چەندین شوێنی دیکە، دەنگی تەقینەوەی گەورە و سامناک بیسترا و تەقەی یەک لەدوای یەک بووە هۆی دڵەڕاوکێ و نیگەرانی. لەم تێکهەڵچوونانەدا هەر یەک لە لایەنەکانی شەڕ، پاساو بۆ هەنگاوە هاندەرانە و هێرشە سەربازییەکانی خۆیان دەهێننەوە. کەناڵی هەواڵی تەلەڤیزیۆنی ڕژێم و ئاژانسی هەواڵدەری میهر-یش، ڕاپۆرتیان لەسەر ئاڵوگۆڕی تەقە لە نێوان هەردوو لایەن لە کاتژمێرەکانی کۆتایی شەوی پێنجشەممە و بیسترانی دەنگی گەورە و بەردەوام بڵاو کردەوە

ئاژانسی هەواڵدەری فۆکسی ئەمریکی ڕایگەیاند: "ئەو هێرشانەی کە ئەمریکا کردیە سەر لەنگەرگەی بەهمەنی بەندەری قشم و شاری بەندەرعەبباس، دوو ڕۆژ دوای ئەوە هات کە کۆماری ئیسلامی ١٥ مووشەکی بالیستیک و کرووزی ئاراستەی بەندەری فوجەیرەی ئیمارات کرد و بووە هۆی ئەوەی سەرجەم دەوڵەتە عەرەبییەکان، تەنانەت عەرەبستانی سعوودیش کە پەیوەندییەکی ئاڵۆزی لەگەڵ ئیماراتدا هەیە، سەرکۆنەی بکەن." لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمریکا ڕایگەیاند کە ئەم هێرش و تەقینەوانە بە واتای کۆتاییهاتنی ئاگربەست و دەستپێکردنەوەی شەڕ نییە. وتەبێژی بارەگای خاتەمولئەنبیای

سوپای پاسدارانی ڕژێمیش، ئەمریکای بە بەئامانجگرتنی نەوتهەڵگرێکی ئێرانی تۆمەتبار کرد و ڕایگەیاند: "هێزە چەکدارەکانی ئەم بارەگایە کە بەرپرسیارێتی شەڕ لە ناوچەکەیان لە ئەستۆیە، هێرشیان کردووەتە سەر کەشتییە سەربازییەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی گەرووی هورمز و باشووری بەندەری چابەهار."

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا کە ناکۆکییەکانی نێوان ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی و کۆماری ئیسلامی بە هۆکاری جۆراوجۆر پەرەی سەندووە، هێزەکانی ڕژێم ژێرخانە سەربازی و مەدەنییەکانی ئیماراتیشیان داوەتە بەر هێرشی سەربازی. ئەمە لە حاڵێکدایە کە گەرووی گرنگ و ستراتیژی هورمز، هەم لەلایەن ئەمریکاوە و هەم لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە گەمارۆ دراوە و هاتوچۆی کەشتییە بازرگانی و نەوتهەڵگرەکان تێیدا ڕاگیراوە و پەکخراوە. لە هەلومەرجێکی ئاوادا، گەرووی هورمز بووەتە بەهێزترین ئامرازی فشاری لایەنەکانی شەڕ لە دژی یەکتر

گوشاری گەمارۆی دەریایی ئەمریکا بۆ سەر بەندەرەکانی باشووری ئێران، هەناردەی نەوتی کۆماری ئیسلامی ڕووبەڕووی پەککەوتنی جدی کردووەتەوە و سەرانی ڕژێمی بۆ دۆزینەوەی ڕێگەیەک بۆ سازش لەگەڵ ئەمریکا خستووەتە ژێر گوشارەوە. چونکە ئەگەر کۆماری ئیسلامی تا ئێستا لەو ڕێگەیەوە گەمارۆکانی دەبەزاند و ڕۆژانە زیاتر لە یەک ملیۆن بەرمیل نەوتی هەناردە دەکرد، ئێستا بەهۆی گەمارۆدانی گەرووی هورمز لەلایەن ئەمریکاوە، ڕەوتی هەناردەی نەوت و هاوردەکردنی کاڵا پێویستەکان ڕووبەڕووی کێشە بووەتەوە. لەم پەیوەندییەدا، ڕۆژی چوارشەممە ١٦ی گوڵان ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز لە ڕاپۆرتێکدا ئاشکرای کرد کە "بەهۆی گەمارۆ توندەکانی ئەمریکاوە، توانای پاشەکەوتکردنی کۆماری ئیسلامی زۆر کەم بووەتەوە و داهاتە نەوتییەکەشی بەتەواوی دابەزیوە." ئەمە لە کاتێکدایە کە پێش گەمارۆدانی گەرووی هورمز لەلایەن ئەمریکاوە، لەسەدا ٩٨ی هەناردەی نەوتی ئێران بەم گەرووەدا تێدەپەڕی

هاوکات لەگەڵ ئەم گەمارۆیە و بە مەبەستی خستنەژێر گوشاری زیاتری کۆماری ئیسلامی، ڕۆژی سێشەممە ١٥ی گوڵان، ئەمریکا و بەحرەین هاوڕێ لەگەڵ عەرەبستانی سعوودی، ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی، کووەیت و قەتەر، ڕەشنووسی بڕیارنامەیەکیان سەبارەت بە پێویستی کردنەوەی گەرووی هورمز و ئازادی کەشتیوانی تێیدا، پێشکەش بە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد. سەرجەمی ئەم پێشهات و ڕەوتانە دەریدەخەن کە لە غیابی بزووتنەوەیەکی بەهێزی جیهانی لە دژی ئەم شەڕە ئیمپریالیستی و کۆنەپەرستانەیە، ئەوە بەرژەوەندییە جیۆپۆلەتیک و ئابوورییەکانی زلهێزە ناوچەیی و جیهانییەکانن کە بوونەتە ئامرازێکی فشاری سیاسی بۆ کۆتاییهێنانێکی یەکجاری بەم شەڕە

کۆماری ئیسلامی لە هەلومەرجێکدا درێژە بە سیاسەتی شەڕانگێزانەی خۆی دەدات، کە ئابووری ئێران بەهۆی قەیرانی پێکهاتەیی و لەژێر کاریگەری توندبوونەوەی سزاکان و گەندەڵی سیستەماتیکدا بەرەو دارمان دەچێت، تا ئەو جێگەیەی کە دەوڵەت توانای پێدانی مووچەی بەشێکی زۆری کارمەندانیشی نەماوە. گرانی و بێکاری، هەڵاوسانی لەرادەبەدەر و دابەزینی بەهای ڕیاڵ ڕۆژ بە ڕۆژ پەرە دەستێنێت؛ ملیۆنان هەلی کار لەناو چوون؛ پچڕانی ئینتەرنێت و داخرانی کارگە و دامەزراوە پیشەسازییەکان بووەتە هۆی بێکارکردنی بەرفراوانی کرێکاران. لە دۆخێکی ئاوادا حکومەتی ئیسلامی بێجگە لە توندکردنەوەی کەشوهەوای ئەمنی و سەرکوتگەری، هیچ وەڵامێکی بۆ داواکاری و خواستە کەڵەکەبووەکانی کرێکاران و چینە چەوساوەکان نییە. کۆماری ئیسلامی بە بیانووی شەڕێکی کۆنەپەرستانەوە، هەر جۆرە بزووتنەوەیەکی نارەزایەتی دەداتە پاڵ بەکرێگیراوانی ئیسرائیل و ئەمریکا. بەڵام دەزگای سەرکوتی کۆماری ئیسلامی سەرەڕای ئەم فشارانەش، نەیتوانیوە خەڵکی نارازی چاوترسێن بکات و ترس و تۆقاندن بەسەر کۆمەڵگەدا زاڵ بکات. لە هەلومەرجێکی ئاوادا، تەنیا بە هەوڵی شێلگیرانە بۆ وەڕێخستنی نارەزایەتی و مانگرتنی یەکگرتووانە و سەرتاسەری کرێکاران و نارەزایەتی جەماوەری خەڵکی زەحمەتکێش و پەرەدان بە بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانە، کە دەکرێت بزووتنەوەی خەبات بۆ ڕووخانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بەرەو پێشەوە ببرێت

❋❋❋



# بڕووخێ ڕژێمی کۆماری ئیسلامی
# نا بۆ دەسەڵاتداریەتیی حیزبەکان
# لە سەرووی خەڵکەوە
# بژی دەسەڵاتداریەتیی شۆرایی خەڵک
# لە کوردستان

کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان لە هەلومەرجێکدا کار و ژیان و خەباتی خۆیان دەبەنە پێشەوە، کە کۆمەڵگەی کوردستان کۆمەڵگەیەکی بەحیزبیکراوە. حیزب و هێزە ناسیۆنالیستەکان و هەروەها حیزبە سۆسیالیست و چەپەکان لە کوردستان لەسەر بەستێنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، لە گۆڕەپانی سیاسی کۆمەڵگادا ئامادەییان هەیە و چالاکی دەکەن و هەر لە ئێستاوە وێنای خۆیان بۆ سەرکەوتنی بزووتنەوەی هەقخوازانەی خەڵکی کوردستان دەخەنە بەردەم کۆمەڵگا. حیزب و ڕێکخراوە ناسیۆنالیستەکان دەیانەوێت حاکمییەتی حیزبەکان لە سەرووی خەڵکەوە لە قۆناغی ڕاگوزەر و جێگیرکردنی حکوومەتێکی پەرلەمانی فیدراڵ لەدوای ئەم قۆناغە، وەک فۆرم و ناوەڕۆکی سەرکەوتن بەسەر خەڵکدا بسەپێنن. ئەوانە بە خەڵک دەڵێن کە حکوومەتێکی فیدراڵی پشتئەستوور بە سیستەمی پەرلەمانی، ئەو شێوەیە لە دەسەڵاتە کە بە باشترین شێوە دەخاڵەتی خەڵک لە کاروباری سیاسی و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە دابین دەکات. دەڵێن لە سایەی دەسەڵاتداریەتی حکوومەتی فیدراڵی پەرلەمانیدا خەڵک بە خواستەکانیان دەگەن. لە بەرامبەر ئەم چەواشەکاری و پڕوپاگەندانەی هێزە بۆرژواییەکاندا، کۆمەڵە، شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان و سۆسیالیستەکانی تر ڕاستییەکان بە خەڵک دەڵێن و ئاڵتەرناتیڤی حاکمییەتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان وەکوو ئاسۆی بەرەوپێشچوون و سەرکەوتن، دەخەنە بەردەم کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵک

حکوومەتی فیدراڵی پەرلەمانی کە حیزبە ناسیۆنالیستەکان بەڵێنی دەدەن، هەروەک چۆن ئەزموونی حکوومەتی فیدراڵی لە کوردستانی عێراق بە ڕوونی نیشانی داوە، جەماوەری بێبەشی کۆمەڵگا لە دەزگای بەڕێوەبردن و کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی کۆمەڵگا و حاکمییەت بەسەر چارەنووسی خۆیاندا دوور دەخاتەوە. لە سیستەمی پەرلەمانیدا، مافی دەسەڵاتداریەتیی سیاسی لە جەماوەری خەڵک زەوت دەکرێت و دەدرێتە دەست نوێنەرانی هەڵبژێردراوی ناو پەرلەمان. لەم شێوەیە لە حاکمییەتدا، دەنگدەران هیچ کۆنترۆڵێکیان بەسەر کارکردی نوێنەرەکاندا نییە. لە سیستەمە پەرلەمانییەکاندا، دەنگدەران چەند ساڵ جارێک دەچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان بۆ ئەوەی بە خستنەناو سندووقی دەنگەکانیان، بە کردەوە لە گێڕانی ڕۆڵی ڕاستەوخۆ لە بەڕێوەبردن و حاکمییەتی سیاسی کۆمەڵگادا خۆیان بەدوور بگرن. لە سیستەمی پەرلەمانیدا ئەگەر دەنگدەران هیچ کۆنترۆڵێکیان بەسەر پەرلەماندا نییە، نوێنەرانی پەرلەمانیش هیچ کۆنترۆڵێکیان بەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکار و چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەدا نییە کە

پەسەندی دەکەن. پەرلەمان دەسەڵاتێکی سنووورداری هەیە و دەسەڵاتی ڕاستەقینە لە دەستی ئۆرگانەکانی جێبەجێکردن، وەزارەتەکان، ئەرتەش، پۆلیس و دەزگا ئەمنییەکاندایە. لەم دیموکراسییە سەرمایەدارییەدا، پەرلەمان دەبێتە گۆڕەپانی ململانێ و مانۆڕی سیاسی حیزبە بۆرژواییەکان و ئۆرگانەکانی جێبەجێکردنیش دەسەڵات و حاکمییەتی بۆرژوایی پەیڕەو



دەکەن. لە سیستەمی پەرلەمانیدا کە هێزە ناسیۆنالیستەکان بەڵێنی دەدەن، چەند ساڵ جارێک نوێنەرانی پەرلەمان دەگۆڕێن، کابینەی وەزیرانی حکوومەت دەگۆڕدرێت، بەڵام پێکهاتە و پایە سەرەکییەکانی دەسەڵات لە دەستی ئەرتەش، پۆلیس و دەزگا ئەمنییەکاندا دەمێننەوە. هەر لەبەر ئەم هۆکارە سادانەیە کە کرێکاران و زەحمەتکێشان و جەماوەری خەڵک ناتوانن لە ڕێڕەوی پەرلەمانەوە خواست و داواکارییەکانیان بسەپێنن. بۆیە هیچ گومانێک لەوەدا نییە، ئەگەر ئەو وێنایەی هێزە ناسیۆنالیستەکان بۆ ئاسۆی سەرکەوتن لە کوردستان دەیخەنە ڕوو بێتە دی و حکوومەتی فیدراڵی کوردستان کە حکوومەتێکی بۆرژواییە بێتە سەر کار، ڕوونە کە هەر لە ڕۆژی دوای "سەرکەوتن"ــەوە، خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان تووشی چ چارەنووسێک دەبن

کرێکاران، ژنانی چەوساوە، هەژاران و بێبەشانی کۆمەڵگە نەک هەر پشکیان لە حکوومەتی فیدراڵی کوردستاندا نابێت، بەڵکوو ئەمجارەیان هێزە بۆرژواییەکان لە قاڵبی حکوومەتی کوردستانی فیدراڵدا، ئاڵای نەتەوەیی، ئەفسانە نەتەوەییەکان و سروودی نەتەوەیی وەک ئامرازێک بۆ هەڵخەڵەتاندن و فریودانی کرێکاران و خەڵکی هەژار و بێبەشی کۆمەڵگا بەکار دەهێنن. ئەمجارە خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و بێبەشی کۆمەڵگا دەبێت زیاتر بۆ نیشتمانەکەیان کار بکەن، باجی زیاتر بدەن، کەمتر مەسرەف بکەن و مانگرتن و خۆپیشاندان وەڕێ نەخەن. حکوومەتی فیدراڵی و پەرلەمانی کوردستان، حکوومەتی کەمینەی کۆمەڵگە بەسەر زۆرینەدا دەبێت، حکوومەتێک دەبێت کە تەنیا بۆرژواکان، نوخبەکانی کۆمەڵگا و سەرانی حیزبە بۆرژواییەکان دەتوانن پێگە هەستیارەکانی بگرنە دەست

ئەگەر خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان نایانەوێت دوچاری ئەم چارەنووسە بن، دەبێت هەر لە ئێستاوە لەبیری دامەزراندنی حاکمییەتی شۆرایی خۆیاندا بن. کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان دەبێت لە بیری پایەڕێژی و دامەزراندنی دەوڵەتێکدا بن کە تێیدا هەر مرۆڤێک و هەر ژن و پیاوێکی کرێکاری سادە، سەربەخۆ لە هەر نەتەوە، ئایین و ڕەگەزێک کە هەیەتی، بتوانێت جومگەکانی دەسەڵات بگرێتە دەست و ڕاستەوخۆ لە ژیانی سیاسی و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا ڕۆڵ بگێڕێت. بەرنامەی کۆمەڵە و شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان بۆ دەسەڵاتداریەتیی خەڵک لە کوردستان دەیەوێت شێمانەی دامەزراندنی حاکمییەتێکی وا، واتە حاکمییەتی شۆرایی، بە خەڵک نیشان بدات و بیکاتە بەشێک لە هۆشیاریی گشتیی خەڵکی کوردستان، تا بە کەمتر لەوەش قایل نەبن و وەکوو سەرکەوتن چاوی لێ نەکەن. بەرنامەی کۆمەڵە بۆ حاکمییەتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان دەیەوێت بە خەڵک بڵێت کە پرسی حاکمییەت لە کوردستانی ئازادکراودا، مافی حاشاهەڵنەگری کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی ستەمدیدەی کوردستانە و کۆمەڵە ئامادە نییە لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات لە داهاتوودا لەگەڵ هیچ حیزب و گرووپێک بکەوێتە دانوستان و گفتوگۆوە. بەرنامەی کۆمەڵە بۆ حاکمییەتی خەڵک لە کوردستان دەیەوێت نیشانی بدات کە بە تێکشکاندنی بیساتی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و ماشێنی سەرکوتگەرییەکەی لە کوردستان، کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی ستەمدیدە دەتوانن و توانای ئەوەیان هەیە دەسەڵات بگرنە دەست. دەیەوێت نیشانی بدات کە ئەم پێکهاتە شۆراییەیە کە دەرفەتی بەشداری و دەخاڵەتی بەرینترین جەماوەر لە پرسی دەسەڵاتدا دەڕەخسێنێت. لە حکوومەتی شۆراییدا، هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا بە ئەندامی دەوڵەت ئەژمار دەکرێن و لە ڕێکخستنی دەوڵەتدا جێگەیان هەیە

لەو حاکمییەتەی کە پشتئەستووورە بە شۆراکان و بەرنامەی کۆمەڵە جەختی لێ دەکاتەوە، خەڵک لە شۆرا خۆجێییەکاندا ڕێکخراون و دەسەڵاتی ڕاستەقینەیان بەدەستەوەیە و هەر کاتێک ئیرادە بکەن دەتوانن نوێنەرەکانیان بانگ بکەنەوە و لەسەر کار لایانبەرن، بەم شێوەیەش هەموو ڕێوشوێن و کۆتوبەندە بیرۆکراتییەکانی پەیوەست بە هەڵبژاردنەکان بنەبڕ دەبن. لەبەر ئەوەی حکوومەتی شۆرایی مافی ئازادانەی لەکارخستن و لابردنی هەڵبژێردراوان لە هەر کاتێکدا دەداتە دەست خەڵک، تا ئەو کاتەی ئەم میکانیزمە کار بکات، گەندەڵی هەڵناگرێت. بەم شێوەیەش، گەندەڵیی ئیداری کە نەخۆشییەکی درێژخایەنی حکوومەتە بۆرژواییەکانە، بەهۆی ئەوەی لەوێدا هیچ کەناڵێک بۆ دەخاڵەتی ڕاستەوخۆی خەڵک لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا بوونی نییە، بۆ هەمیشە کۆتایی پێ دێت. لە حکوومەتی شۆراییدا، سەرجەم پۆستە کارگێڕی، سیاسی و دادوەرییەکان لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن و هەر کاتێک زۆرینەی دەنگدەران بیانەوێت، لە هەر کاتێکدا بن دەتوانرێت لە پۆستەکانیان لاببرێن. بەرپرسان لە بەرزترین ئاستەکانی حکوومەتی شۆراییدا وەک خزمەتکاری خەڵک کار دەکەن و مووچەیەک هاوتا بە مووچەی کرێکارێکی لێهاتوو وەردەگرن. بەم جۆرە، ئەو خەڵکەی لە سیستەمی شۆراییدا ڕێکخراون، خۆیان هەم یاسادانەر و هەم جێبەجێکاری یاسان

ئەوەی لە بەرنامەی کۆمەڵە و شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان بۆ دەسەڵاتداریەتیی خەڵک لە کوردستان جەختی لەسەر دەکرێتەوە، حاکمییەتێکی شۆراییە کە کۆنگرەی سەرتاسەریی نوێنەرانی شۆراکان لە لووتکەیدا و شۆرا ناوچەییەکانی شار و گوند لە خوارترین ئاستیدا جێگر دەبن و لە ڕێگەی سیستەمی شۆراییەوە ڕاستەوخۆ وەک ئەندامێکی دەوڵەت لە پرسی حاکمییەتدا ڕۆڵی چالاک دەگێڕن و لە ڕێگەی نوێنەرانیانەوە لە ئاستە جیاجیاکان؛ وەک کۆنگرە ناحیەیی، ئەیالەتی، ناوچەیی و سەرتاسەرییەکان، دەخاڵەت لە هەموو بوارەکانی چالاکیی کۆمەڵایەتیدا دەکەن. هێزی چەکداری ناوچەیی لەژێر فەرماندەیی کۆنگرەی سەرتاسەریی شۆراکاندا، ئەرکی بەرگریکردن لە دەستکەوتەکانی خەڵکی کوردستانی لە بەرامبەر پەلاماری دەوڵەتی ناوەندی یان هەر هێزێکی تر پێ دەسپێردرێت. ئەم هێزە مافی هیچ جۆرە دەخاڵەتێکی لە کاروباری ناوخۆیی کوردستاندا نابێت

کۆمەڵە و شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان هەر لە ئێستاوە بەرنامەی سیاسیی خۆیان بۆ حاکمییەتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان خستووەتە ڕوو و تێدەکۆشن لە کاتی گونجاودا لەلایەن شۆرای نوێنەرانی سەرتاسەریی خەڵکی کوردستانەوە پەسەند بکرێت بۆ ئەوەی بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە. سەرجەم ماف و ئازادییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، داواکارییە خۆشگوزەرانی و فەرهەنگییەکان، ماف و خواستەکانی ژنان لە بواری یەکسانیی تەواو لەگەڵ پیاوان، کۆتاییهێنان بە هەر جۆرە هەڵاواردن و ستەمێکی ڕەگەزی، مافەکانی منداڵان و هەنگاوەکان بۆ پاراستنی ژینگە، لەپاڵ برگەکانی یاسایەکی کاری دیموکراتیک لە کوردستانی ئازادکراودا دەخرێنە بواری جێبەجێکردنەوە

لە کوردستانی ئازادکراودا، مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکی کوردستان بە دەستی خودی خەڵک، بە واتای ئازادیی جیابوونەوە لە ئێران و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ دابین دەکرێت و هەلومەرجی پێویست بۆ کەڵکوەرگرتنی هۆشیارانە لەم مافە دەڕەخسێندرێت. دانیشتووانی کوردستان دەتوانن بە دابینکردنی کردەیی یان فەرمیی ئەو مەرجانەی لە بەرنامەی سەرەوەدا هاتوون، لە چوارچێوەی ئێراندا بمێننەوە یان دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان پێکبهێنن و لە ئێران جیا ببنەوە. لە ڕوانگەی ئێمەوە ئەگەر خەڵکی کوردستان بڕیار بدەن لە بارودۆخی بەرقەراربوونی حکوومەتێکی کرێکاری وە یان لە بارودۆخێکی دیموکراتیک و شۆڕشگێڕانە لە چوارچێوەی ئێراندا بمێننەوە، بە دابینکردنی بارودۆخی سەرەوە و بە گرتنەبەری سیاسەتی هوشیارانەی ئابووری، بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی و فەرهەنگییەکان، هەموو جۆرەکانی نابەرابەری و ناهەماهەنگی لە نێوان نەتەوە جۆراوجۆرەکان لەوانە نەتەوەی کورد و غەیرە کورد کۆتایی دێت و پێناسی ئینسانی تاکەکانی سەر بە نەتەوە جۆراوجۆرەکان و ڕێگای پێکەوەژیانیان وەک ئینسانی ئازاد و یەکسان هەموارتر دەبێت. بێگومان وەها کۆمەڵگایەک لەگەڵ دیاردەی ستەمی نەتەوایەتی نامۆ دەبێت

❊❊❊

## شێعر

### " درەخت "

درەختێکم لە تیرەی بەرزە درختان
بە ئارەق ڕەنج و خەبات پەروەردە بووم
بنجم هەزار هەزار پۆیە و لە نێو زاخە و
کۆڵیت و زنجی شار و دێ
ڕۆچووم، ڕۆچووم لق و پۆم باڵای کردوە و
پەل لە ئەستێرە دەکوتم و
بێ باک لە چی تەور و تەوراس
بەرەو هەتاو بەگژ هەوری چڵکندا چووم.
تۆف و کرێوە و با بابێ!
باکی نییە ئەو درەختەی بنجی هەزار پۆی لە دڵێ
کۆمەڵانی ڕق ئەستوری وریادا بێ.
تەوژمێکم لە بای سەرِ سەر
مەینەتاوای ستەم تێکدەر
هەزار نەسیمی خۆش پەیام
ئەشنی لە هانای هەناسەم.
بۆ گشت بەشەر گزنگێکم لە بەر بەیان
تیشکاوێژی چی دەلاقەی ماڵی تاریک
گەنم، گەرما، ڕووناکی، تین
دیاریمە، دیاریمە بۆ ژین.
لەم جیهانە من کێوێکم
هەر دۆڵێک هەر داوێنێکم
خەرمان خەرمان گوڵی سووری ئاڵای ئاڵە
بەرهەمێکی ڕقی پیرۆزی کارخانەم
من سەمەرەی بێ سەمەریی
ڕەنجی گەرمی کوورەخانەم
هیوای دەستی بێ حەقدەستی
بێ بەش بێ خانە و لانەم.
ڕاستکەرەوەی جیهانی کۆنی ئاوەژووم
میعمارێکی نوێکردنەوەی ئەم جیهانەم.
من مستێکم لە هەزار مست گرێدراو
ڕاساوم لە ژێر چەناگەی
دێوی دزێوی سەرمایە.
ئەمن دەستێکی تامەزرۆم
تامەزرۆی یەکبوون یارمەتی
دەستانی کار بۆ تیکدانی
ئەم ستەم- مەینەتاوایە.
بۆ خوڵقانی ئەم دونیایە
ستەم تێدا ئەفسانەیە و
شەتی خرۆشانی شادی و بەهرەمەندیی
دەریایەکە و دوایی نایە!

"ڕێبوار "

***




کاتی دەسپێکی بەرنامەکانی تەلەڤیزیۆنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە بە کاتی تاران :

دەسپێکی بەرنامەکان، ١٦:٣٠ ، چوار و نیوی ئێوارە
دوپاتەی دەوری ئەوەڵ، ٢٢:٣٠، دە و نیوی شەو
دوپاتەی دەوری دوهەم، ٤:٣٠، چوار و نیوی سەر لە بەیانی
دوپاتەی دەوری سێهەم، ١٠:٣٠، دە و نیوی بەیانی

**پێشـــڕەو**

ئۆرگـــانی کومیتەی ناوەندی کۆمـــەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

**نوێنە رایە تیی کۆمە ڵە لە دە رە وە ی وڵات**
representative@komala.co

**ئیمەیلی دەفتەری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب**
international@cpiran.org

**دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
dabirxane.cpi@gmail.com

**ژمارەکانی پەیوەندی لەگەڵ تەشکیلاتی شارەکانی کوردستانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
٠٠٩٦٤٧٧١٠٢٨٦١٩٣
٠٠٤٣٦٦٠١١٩٥٩٠٧
٠٠٤٦٧٢٩٠٣٠٦٩٦
٠٠٤٥٦٠٩١١٧٨٢
٠٠٤٦٧٣٧١٦٩٧٤٦